# شۆڕشێ بەلشەفی ورزگاری ژنان
# The Bolshevik revolution and emancipation of women

## بەشی یەکەم:
## تیۆەری مارکسیست- لێنینیستی ورزگاری ژنان:

"سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک لەسەر ئەوە بەندە کەژنان چەندە تیایدا بەشداری دەکەن" لێنین ئەم وتارانەی لێرەدا دەیخوێننەوە، تەواوی کتێبێکە بەناوی"شۆڕشێ بەلشەویکی وڕزگاری ژنان" کەهاوڕێ شەهاب لەزمانی ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. کتێبەکە لەلایەن گروپێک لەپارتی مارکسیست – لێنینیتی ئەمریکاوە The Marxsist–Leninist Party of USA، وەک لێکولینەوەیەک ئامادەکراوە. ئێمە لێرەدا بۆ ئاشنابوونی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بەڕوانگەو بۆچونی بەلشەفیەکان لەڕوسیاو ئەو هانگاوانەی کەشۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕاستای ڕزگاری ژاناندا گرتیەبەر، بەپێویستمان زانی بەدوای پێداچونەوە بەوەرگێرانەکەیدا جارێکیتر چاپ وبلاوی بکەیەنوە، هیوادراین بەم کارەمان خزمەتێکمان بەبزوتنەوەی ژنان لەکوردستان کردبێت – بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ڕزگاری ژنان یەکێکە لەمەسەلە گرنگەکانی چینی کرێکار. خەبات لەبەرامبەر ستەمی سەر ژنان، لەئێستا ولەمێژوودا، یەکێک بووە لەبەشەکانی خەبات لەدژی سەرمایە. ئەم خەباتە دەبێ هەموو چەوسانەوە وبێمافیەکانی ژنان لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کەزۆر توندن، بگرێتەخۆی. دەبێ داخوازیەکانی مافی یەکسان ومافی منالٚ بوون ولەباربردن، کرێی یەکسان لەبەرامبەر کاری یەکسان، هەلی یەکسانی کار، ئاگاداربوون لەمنداڵ، خەبات لەدژی سوکایەتی وڕەفتاری خراپ لەگەڵ ژنان وسوکایەتی پێکردنیان لەئەدەبیات وکەلتور وچەندین مەسەلەی تر بگرێتەخۆی.

بەلام ئەم مافانە تەنها بۆ خودی ژنان خۆیان نییە کەدەبێ ژنان بۆی بێنە مەیدانەوە، بەڵکو دەبێ لەگشت بوارەکانی شۆڕش وخەباتی چینایەتیدا هەڵسووڕاو بن. لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917دا ژنان بەشێکی گرنگی چینی کرێکاریان پێکهێنا ودیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پێویستی بەپشتگیری ئەوان بوو. ئەمە تەنها بەمانای بەدەستهێنانی پشتگیری ژنان نییە، بەلکو دەبوو کۆتەکانی سەرشانیان بشکێ، تا لەبیناکردنی سۆسیالیزم وکۆمەلگای نوێدا بەشداربن. لەڕاستیدا دیمکراسی پرۆلیتێری وادەکات ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک، لەوانەش ژنان لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری ولات، شارەزایی وەرگرن بەهەمان شێوەش لەناوچە دواکەوتوەکانی وڵاتادا، لەناوجوتیاران وخەڵکی لادێدا، بۆئەوەی جوتیاران لەبیناکردنی سۆسیالیزمدا ولەگۆڕێنی بەرهەمهێنانی بچوک وپەرتەوازەدا لەتەعاونیەکاندا ڕێکبخرێن ولەبەرهەمهێنەری مۆدێرندا، هەڵسوراوانە بێنە مەیدانەوە، لابردنی ستەمو بیروباوەری کۆن لەسەر ژنان کارێکی یەکجار پێویستە. بەهۆی ئەمانەوە بوو کەڕزگاری ژنان یەکێک بوو لەئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕشێ سۆسیالیستی لەڕوسیادا.

شۆڕشێ بەلشەفیەکان سەلماندی کەسەرکەوتنی سەرەتایی بەسەر سەرمایەداریدا دەرگای خەبات لەپێناو ئازادی ژناندا دەکاتەوە وڕزگاری ژنان بەتوندی بەستراوەتەوە بەگۆڕانی شۆڕشگێڕآنەی کۆمەلگاوە بەرەو سوسیالیزم. شۆڕش کۆتایی ئەم خەباتە نییە، بەلکو سەرەتای دەورەیەکی تازەیەتی.

بێگومان لەپێش شۆڕشدا خەبات بۆ ئازادی ژنان بەکێشە بەتێکۆسانی ژنان خۆیان، گەلێک دەستکەوتی باشیان بەدەستهێناوە، بەلام ڕزگاری تەواوی ژنان تەنها لەگەڵ بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا ئیمکانی هەیە. ئەنگلس لەکتێبی"سەرچاوەی خێزان، موڵکایەتی تایبەتی ودەولەت"دا، دەڵێت:

" جمهوری دیموکراتی کێشە چینایەتیەکان لەبەین نابات، بەلام ئەو مەیدانە دەکاتەوە کەئەم کێشەیەی تێا بتەقیتەوە. بەهەمان شێوە نەمانی ڕەوشتی زاڵی پیاو وپیاوسالاری، بەسەر ژناندا، لەخێزانی مۆدێرندا. وپێکهێنانی یەکسانی تەواوی کۆمەلایەتی لەنێوان ژانو پیاودا، ئەوکاتە دێتە پێشەوە کەهەردوکیان لەیاسادا یەکسان بن. ئەوکات دیارە کەیەکەم مەرجی ڕزگاری ژنان بەشداری کردنیانە لەپیشەسازی گشتیدا. ئەمەس خۆی پێویستی بەوەیە کەئەو سیفەتەی خیزان کەوەک یەکەیەکی ئابووری هەیەتی

لەناوکۆمەڵگادا، لەبەین بچێ"

ئەنگلس لەبارەی هەندێ لەو گواستنەوە شۆڕشگێڕانەیەی کۆمەلگاوە دەڵێت:" ئیشی تایبەتی ناوماڵ دەکرێ بەپیشەیەکی کۆمەلایەتی، چاودێری کردنو پەروەردەی منالْ دەبێتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی".. هەروەها دەڵێ:"ئازاد بوونی ژنانو یەکسان بونیان مەحالە تا ئەوکاتەی ژنان بەکاری ناوماڵەوە خەریک بن، کەکارێکی تایبەتیەو لەبەرهەمهێنان وکاری کۆمەلایەتیەوە دورە. ئازادی ژنان تەنها ئەوکاتە ئیمکاتی هەیە کەبەڕادەیەکی فراوان لەبەرهەمهێناندا بەشداربن وکاری ناوماڵ زۆر بەکەمی خەریکیان بکات. ئەمە تەنیا لەپیشەسازی مۆدێرندا ئیمکانی هەیە چونکە توانی کاری ناوماڵیش بکاتە پیشەیەکی گشتی".

لێنین لەباسکردنی ئەم مەسەلەیەدا، کاری ناوماڵ زۆر بەتوندی دەداتە بەر ڕەخنە:"لەگەڵ هەموو ئەویاسایانەی کەبۆ ئازادی ژن دادەنرێن، ژن هەروەک کۆیلەی کاری ناوماڵ دەمێنێتەوە، چونکە ئەوکارە بێ ئەهەمیەتەی ناوماڵ ژن وردوخاش دەکات ودەیخنکێنێ، بێئەقڵیدەکا وپلەی بیرکردنەوەی دێنێتە خوارەوە وبەچیشتخانەو پەروەردە کردنەوە کۆتی دەکات، هەروەها هێزی لەکارێکی بەربەری وبێبەرهەم ونزمی پڕ زەحمەتدا بەفیڕۆ دەدات. ئازادی ڕاستەقینەی ژنان، کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە تەنها ئەوکات و لەوجێیە دەست پێدەکات کەخەباتێکی هەمەلایەنە (بەسەرکردایەتی پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار) لەدژی ئەمکارە نزمەی ناوماڵ دەست پێدەکات وگۆڕانی گەورەی ئابوری بەرەو سۆسیالیزم هەنگاوی بۆدرنرێ". —لێنین سەرەتایەکی گەورە.

هەروەها لێنین پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەژنان کاتێک لەگەل پیاودا یەکسان دەبن کەبەتەواوی لەبەڕیوەبردنی ئابوریو دەولەتدا بەشداربن:"ئێمە دەمانەوێت ژنانو پیاوانی کرێکار تەنها لەبەردەم یاسادا یەکسان نەبن، بەڵکو بەڕاستی یەکسان بن. بۆیە دەبێ ژنان دەورێکی هەڵسوڕاو لەبەڕیوەبردنی وڵاتدا بگێڕن.. ژنانێکی زیاتر بۆ شوراکان هەڵبژێرن، لەکۆمۆنیستەکان وغیرە حزبیەکانیش". دووبارە لێنین، لەوتاری "بۆژنانی کرێکار" ساڵی 1920دا دەڵێ:"هەتا ژنان دەورێکی سەربەخۆیان نەبێ، نەک تەنها لەسیاسەتدا، بەڵکو لەخزمەتگوزارریە ڕۆژانەیی وگشتیەکاندا، باس لەدیموکراسی ڕاستەقینە وتەواو جێکەوتوو هیچ مانایەکی نابێت. چجای باس کردن لەسۆسیالیزم".

لەو قسەوباسانەی سەرەوە سێ کاری سەرەکی وەک هەنگاوەکانی ڕزگاری ژنان بەدی دەکرێن:

یەکەم: یەکسانی قانونی ژنا وپیاو.

دووەم: بەشداری تەواوی ژنان لەژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتی وسیاسی کۆمەڵگادا.

سێهەم: ڕزگاری یەکجاری ژنان کاتێک دێتەدی کە خێزان ئەوخاسیەتەی خۆی وەک یەکەیەکی ئابووری کۆمەڵگا، لەدەست بدات.

کۆمەڵگا دەبێ لەیەکە یەکەی ئەندامەکانی خۆی بەرپرسیار بێت ولەمانەوەیان ئاگاداربێت و کارەکانی ناوماڵ بکاتە پیشەی کۆمەلایەتی وخزمەتگوزاری گشتی. جۆری ژیانی ئەم ئەندامانە، بەتایبەت منالان ولاوان، نابێ لەسەر داهات ووەزعیەتی خێزانەکانیان وەستا بێت. خێزان بەردەوامە، بەلام گۆڕینی ڕادیکالی پەیوەندیە ئابوریەکان، بێگومان شێوە وناوەڕۆکەکەی دەگۆڕی وبەهەندێ ڕێگای سەخت وجارجارە مەحالدا بەرەو پێش دەڕوات.

## یەکسانی تەواوی یاسایی ژناو پیاو:

یەکسانی یاسایی تەنها وەک یەکسانیەک پێویست نییە، بەڵکو دەرگای کێشە وخەباتی چینایەتی دەکاتەوە، گەیشتن بەیەکسانی تەواو لەبەردەم یاسادا، تەنیا سەرەتای خەباتی ڕزگاری ژنانە. لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەسەر"دیموکراسیەت" و"ئازادی" دەیکات، لەم کۆمەڵگا سەرمایەداریە "مۆدێرنە"دا، تائێستا تەنها ئازادیەکی شکڵی دراوە بەژنان، حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری دەتوانێ یەکسانی تەواوی یاسایی بۆژنان مسۆگەر بکات. لەمانەش گرنگتر، لەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، دەولەت دەبێتە هێزی ڕزگار کردنی ژنان، چونکە کێشەی چینایەتی بەرەو کۆتایی دەبا وچالاکانە پشتگیری لەژنان دەکا. لێنین لەووتاری "سەرەتایەکی گەورە"دا دەڵێ:" بۆ نمونە جێگای ژنان لەم مەجالەدا، دیموکراتی ترین حزب لەدونیادا وتەنانەت دەولەتە زۆر پێشکەوتوەکانیش بەدەیان ساڵ لەسەدا یەکی ئەوکارەی ئێمەیان نەکردووە کەلەیەکسالی دەولەتداماندا کردوومانە. ئێمە گشت ئەویاسایانەی ژنان یەکسان دەکات، هێناومانەتە دەستوری کارەوە.. ئێمە جێورێ بۆ یاسا بێکەڵکەکانی بۆرژوازی ناهێڵینەوە وبەمەش تەنها جێوریمان بۆ بیناکردن، خۆشکردووە، هەرچەندە هێشتا دەستمان بەبیناکردن نەکردووە".

## سەربەخۆیی تەواو لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا:

ئەم سەربەخۆییە تەنها کردنەوەی دەرگاکان وفرسەت دان ناگەیەنێ، بەڵکو دەوڵەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەبێ ژنان ئامادەبکاو هانی گشت مەسەلە ئابوری وکۆمەلایەتیەکانی ژنان بدات. لەدروستبوونی کۆمەڵگای چینایەتیەوە بۆچەندین سەدە ژنان بەکۆیلەیەتی ناوماڵەوە بەستراونەتەوە، واتە نیوەی کۆمەڵ خزێنراونەتە ناو چوار دیواری ماڵەوە. ژنانی چینە چەوساوەکان دوو چەوسانەوەیان لەسەرە. لێنین لەرۆژی جیهانی ژندا، لەساڵی 1920 دا وتویەتی:" گرنگترین ئەرکی ژنانی کرێکار خەباتیانە لەپێناو یەکسانی ئابووریو کۆمەلایەتیدا. نەک تەنیا یەکسانیە شکڵیەکان. گرنگترین شت بەشداریکردنی ژنانە لەکاری بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا، بۆ ڕزگارکردنیان لەکۆیلەیەتی ناوماڵ، لەبیرکردنەوەی تەسک وچواردیواری قورسی چێشتخانەو پەروەردەی منالدا".
هەلومەرجی لەبارو زۆر گرینگ بۆ ڕزگاری ژنان بەشداری کردنیانە لەبەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا. سەرمایەداری مۆدیرن ئەم کارەی بەئاستێک جێبەجێکردووە. بەلام لەسەرمایەداریدا ئەم مەسەلەیە خەنجەرێکی دوسەرە. ژنان بەکاری بەرهەمهێنانو پیشەسازیو کارەکانی تری کۆمەڵەوە خەریک کراون، بەڵام کاری ناوماڵیشیان هەر لەسەر ماوە. واتە دوو ئەوەندە کار دەکەن. لەئەمریکای ئێستا ولەڕوسیای پێش شۆڕشدا کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منالّ، تەنها بۆ ئەو کەسانە کۆمەڵایەتی بووە کەدەتوانن یان دەیانتوانی خەرجەکەی بدەن. ئەمکارانە بۆ قازانج و وەک کاری پارە پەیداکردن سوودی لێوەردەگیرێ. بەم جۆرەش ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆکاری دەرەوە بەمانای مانەوەی ژمارەیەکی زیاتری منالانی بێسەرپەرشتو بێ پەروەردەیە بۆ ئەو دایکانەی کاردەکەن. لەڕوسیای قەیسەریدا ئەم مەسەلەیە بووە هۆی زیاد بوونی مەرگی منالان و پەیدابوونی گیرو گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی، وەک منالانی بێدایک وباوک وفرێدراو، بەرەڵاکراو، بەدرەوشت وچەقۆ باز..
سەرمایەداران زۆر بەخراپی ژنان دەچەوسێننەوە، لەئەمریکا لەکاتێکدا زۆربەی ژنان کاردەکەن ولە45%ی هێزی کار پێکدێنن، کەچی کرێی ژنان 68%ی کرێی پیاوانە. لەڕوسیای پێش شۆڕشدا، وەزعەکە لەمەش خراپتربووە، ژنان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون وکرێیان لەگەڵ کرێی باوک وبرا ومێردەکانیان شایانی بەراوردکردن نەبوو. هەندێک جار ژنان بە"وولاخی بارهەڵگر" ناودەبران. مافی خاوەندارێتی بۆ ژنان نەبوو، کڕینو فرۆشتنی ژنان وەک کۆیلە، خزمەتکار، تەنانەت ئاژەڵ، زۆر باو بوو. لەشارەکاندا ژنان بەکرێی کەم ولەجێی زۆر خراپ کاریان پێدەدرا وخزمەتکاری ناوماڵ زۆرترین کاربوو بۆیان، هەروەها کاری ڕستن، لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ژنان جگەلەم دووجۆرە بۆ کاری تریش وەردەگیران، بەلام وەک کرێکاری ناکارامە وبۆکاری زۆر خراپ وقورس، بۆ نمونە لەبیناسازیدا، خشت گواستنەوە، لەکارگەی ئاسندا، بۆجیاکردنەوەی میتاڵی خڵتە ولەکانەکاندا بۆگەران بەدوای خەلوزدا. ئینجا دوای ڕۆژێکی درێژ لەکاری گران وپشت شکێن شیفتێکی تەواو لەکاری ماڵەوە دەستی پێدەکرد. لەلێکۆڵینەوەیەکدا کەساڵی 1923 بۆ 1925 دا کراوە، دەڵێ کاری ماڵێک بە12 سەعات لەڕۆژێکدا تەواو دەبوو.
لەسەرێکی ترەوە کاتێک سەرمایەداری ژنانی کێشایە ناوهێزی کارەوە بەئاستێک سەربەخۆییان بەدەست هێناو بوونە خاوەنی کرییەکی تایبەت بەخۆیان. هەروەها ژنان توانیان تەجروبەی تازە لەباری کۆمەلایەتیو سیاسیەوە بەدەستکەوت وەرگرن. بەلام بەهەموو ئەمانەشەوە هێشتا لەوماملەڵە خراپ وتوندە، ڕزگاریان نەبوو. بۆیە هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دژ بەسەرمایەداری دەبێ ڕزگاری ژنان بکاتە یەکێک لەئامانجەکانی خۆی. بزوتنەوەیەکی فراوانی کریکارانی ژن لەڕوسیا لەپێش ولەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی1917دا لەئارادبوو(هەروەها بزوتنەوە بۆرژوازیەکانیش لەنێو بزوتنەوەی ژناندا هەبوون)، لەروسیادا، سەرمایەداری خەریکی پەرەسەندن بوو، سەرمایەدارانیش وەک هەر شوێنێکیتری دونیا پێویستیان بەهێزی کاری هەرزانی ژنان بوو، ساڵی 1913 بەپێی سەرژمێری لە30%ی هێزی کاری پیشەسازی ڕوسیا لەژنان پێک هاتبوو. لەجەنگی جیهانی یەکەمدا ملیۆنەها کرێکاری پیاو بۆجەنگ ڕەوانە کران، بەمە نیسبەتی هێزی کاری ژنان لەکانونی دووەمی 1917دا بوو بە40%. هێشتا لەوناوچانەی ڕوسیادا کەبەشێکی زۆری کشتوکاڵی بوو، ژنان کەمایەتیەکی بچوک بوون، ڕەوشتی کۆنی لادێ کێشەی ڕزگار کردنی ژنانی ئاڵۆز کردبووەوە. ئەمانە جێگای سەرنجن. قەیران وبرسێتی ژمارەیەکی زۆری لەژنان هێنایە ناو هێزی کارەوە وبوونە بەخێوکەری خێزانەکانیان. ئەم دۆخەش کۆمەکی ژنانی کرد تا بێنە ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەوە، لەسەرێکیترەوە بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەش بەو ئاکامە گەیشت کەبەبێ ژنان نەتوانێ بەئامانجەکانی خۆی بگات ومەسەلەی ژنان بووە یەکێک لەپایە سەرەکیەکانی، سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە.
هەموو ئەم ڕاستیانەهەوڵو خەباتی ژنانی بۆ داخوازیەکان و بۆ یەکسانیو ڕزگاری برەوپێدا.
بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای شۆڕشگێر دەبێ لەسەر ئەوە پێدابگرێت کەژنان دەبێ ودەتوانن لەگشت مەیدانە ئابووری وسیاسیو کۆمەڵایەتیەکاندا بەشدار بن وبەتەواوەتی پێویستە بۆ ڕزگاری کۆمەڵایەتی و یەکسانی یاسایی خەبات بکەن، بەڵام تەنها بەوەی کار بکەنو تەنانەت ئەگەر کرێی یەکسان لەگەڵ پیاوانیشیان هەبێت بەس نییە، بۆیە دەبێت وەک بەڕیوەبەرانی کۆمەڵگا بەگشتی،

لەبوارەکانی ئابووریو سیاسیدا ڕۆڵبگێڕن.

سۆسیالیزم جیاوازی نێوان کرێکارانی کارامەو ناکارامە، جیاوازی نێوان بەڕێوەبەرانو کرێکاران لەبەین دەبات، بۆئەم کارەش جیاوازی کرێ وئیمتیاز ناهێڵێت. کارێکی تری سۆسیالیزم هێنانە سەرەوەی بەشی خوارەوەی کرێکارانە، کەژنانن، بۆئاستی کارامە وبەڕێوەبردن وگشت ئاستەکانی تر. بەهەمان شیوە لەسیاسەتدا، ژنان دەبێ فرسەتیان بدرێتێ وڕابهێنرێن تاببنە سەرکردەی سیاسی وڕیخەری جەماوەری کرێکاران ولەگشت بزوتنەوەکاندا بەشداری چالاکانەیان هەبێت. بەڵام یەکسانی ئابوری وسیاسیو کۆمەڵایەتی چۆن بەدەست دێت، ئەگەر خێزان هێشتا یەکەیەکی ئابووری کۆمەڵگا بێت؟

## نەهێشتنی سیفەتی ئابوری خێزان:

کۆمەڵگا دەبێ بەرپرسیار بێت بەرامبەر بەژیانی ئابووری خێزان. لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەرپرسیاری تاکەکانی خێزان دەکەوێتە سەرشانی خێزان خۆی، وەک یەکەیەکی ئابووری. ئاگادار بوون لەمناڵ، چاککردنەوەی خانوو، خزمەتی ئەندامی نەخۆش، ئامادەکردنی خۆراکو پۆشاکو مەرجەکانی حەوانەوە وچەندین کاری تری خێزان لەسەر شانی خودی خێزان خۆیەتی ودەبێ ئەوە بڵێین کەزۆربەی هەرەزۆری ئەمکارانە لەسەر شانی ژنانی ناوخێزانە وبەوان هەڵدەسوڕێ. لێنین لەوتاری"ئەرکەکانی بزوتنەوەی ژنانی کرێکار"دا لەم بارەوە دەڵێ: " لێرەدا ئێمە بەتەنها باس لەیەکسانی ژنان ناکەین لەبەرهەمهێناندا، لەڕووی کرێو ماوە وشوێنی کارکردن و.. هیتر، بەڵکو ژنان دەبێ لەوە زیاتر بەهۆی ژن بوونیانەوە لەخێزاندا نەچەوسێنەوە. هەموو دەزانین کەتەنانەت کاتێک گشت مافەکانیشیان بەدەست دێنن هەرچەوساوە دەبن، چونکە گشت کارەکانی ناوماڵ بۆئەوان جێدەمێنێ. لەزۆربەی حاڵەتدا کاری ناوماڵ خراپترین وقورسترین وبێبەرهەم ترین کارە کەژنان دەیکەن، زۆر ناخۆشە وهیچ پەیوەندیەکی نیە بەوشتانەوە کەبەرهەمی ژنان بەرەو پێشەوە دەبات".

بۆ لەناوبردنی ئەم بارەقورسە، دەبێ کاری ناوماڵ کۆمەڵایەتی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کەخزمەتی تەندروستی، خانەی چاودێری پیران، بواری پەروەردەو وفێرکردنی مناڵ، کۆمەڵایەتی بونەتەوە بۆ هەموو ئەو خێزانانەی پێویستیانە، دەبێ خزمەتگوزاری جل شۆرین، چێشتخانە وخزمەتی ماڵ پاکردنەوەش کۆمەڵایەتی ببنەوە وژن لەدەست کاری قورسی ناوماڵ ڕزگار ببێت. کۆمەڵایەتی ئەم کارانەو بوونیان بە"پیشەی گشتی" کەدەست هەموو خیزانێکی کرێکار بکەوێ وسودوەرگرتن لێیان کاتێکی زیاتر بۆژنانی کرێکار(وەبۆ ئەو پیاوانەش کەکاری ناوماڵ دەکەن) دەمێنێتەوە ودەتوانن بەکارو هەڵسورانی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە خەریک بن. بەڵام هەموو ئەمانە تەنها لەگەڵ گۆرانێکی ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگادا ئیمکانی هەیە، گۆڕانێک کەتەنها بەشۆڕشێکی سۆسیالیستی دێتەدی.

ئەمرۆ قسەوباس زۆرە لەسەر گۆرانکاری لەخێزاندا ولەڕاستیشدا خیزان گۆرانی زۆری بەسەردا هاتووە،"خیزانی کۆن یان تەقلیدی" کەبۆرژوازی زۆر حەزدەکات باسی لێوەبکات، ئەمرۆ زۆر بەکەمی دەبینرێ. ژنان لە45%ی هێزی کار پێکدێنن وزۆربەی هەرەزۆری ژنان کاریان هەیە. پیرۆزکردنی خێزانی تەقلیدی، لەلایەن باڵی ڕاستەوە، تەنها هێرش نییە بۆسەر ژنانی کرێکار، بەڵکو بۆرژوازی بەم خێزانی تەقلیدیە، دژایەتی گشت بزوتنەوەیەکی کرێکاری وهەموو جۆرە باش بونێک لەوەزعی ژنان وخێزانی کرێکارانی پێدەکات. جەوهەری ئایدیۆلۆژیای چینی بۆرژوازی لەمبارەوە بریتیەلەوەی شوێنی ژنان ماڵەوەیە. بۆیە هەرچی گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی، کەدروست دەبێ، هەڵەی"دایکی ئیشکەرە" نەک چەوسانەوەی سەرمایەداری!. زیاد بوونی خێزانی ناتەقلیدی، کەگۆرانێکی گرنگە، نابێ زۆر موبالەغە وزیادەڕەوی پێوەبکرێ. مارکسیەکان تەماشای پەیوەندیە ئابوریو چینایەتیەکان دەکەن، کەبنەمای خێزان پێکدێنن. سیفەتی خێزان وەک یەکەیەکی ئابوری لەکۆمەڵگادا بەوە ناگۆڕدرێ کەبەتنها دایک یان باوک بێت، تەقلیدی بێت یان مۆدێرن بێ، چونکە ئەرکی مانەوە دەکەوێتە سەرشانی تاکە تاکەی خێزان. چونکە تەندروستیو مانەوەی ئەندامەکان دەکەوێتە سەر داهات ودەرامەتی خێزان. ئەگەر خێزانێک کەس نەبێ کارەکانی ناو خێزان ئەنجام بدات، ئەوا ئەندامەکانی بێجلو بەرگ، بێخواردن، بێچاودێری تەندروستی.. وهیتر دەبن. بۆیە بەبێ گوێدانە ئەوەی کەخێزان لەسەرمایەداریدا هەر فۆرمو شکڵێک بەخۆیەوە دەگرێ، ئەو تایبەتمەندیە ئابوریەی کەهەیەتی، یانی کاری ناوماڵ بەکاری ژن دەناسێنێ، هەر دەمێنێتەوە، کەدەبێ ئەمەیان بگۆڕدرێ. سەرمایەداری گەرچی هەندێک بناغە بۆسۆسیالیزم دادەمەزرێنێ، بەڵام ناتوانێ وەلامدەرەوەی جەماوەری خەڵک بێت، وەرن با سەرنجی زیاد بوونی ژمارەی ئەو چیشخانانە بکەین کەخواردنی خێرای گەرمو سارد ئامادەدەکەن (وەک لەفە وسەندەویچ)، کەچەندە زیادیان کردووە، کەچی ئەو برە پارەیەی کەخێزانەکان سەرفی ئەم جۆرە خۆراکەی دەکەن زیاترە. ئێستا بازاڕ پڕبووە لەخواردنی

ئامادەکراو(معەلەبات وشتی لەمجۆرە). حکومەتی کرێکاری دەتوانێ لەم شیوانە، هەرزانتر و هەروەها بەچەندایەتی وچۆنایەتی باڵاترەوە لەچیشتخانە ئامادەکراوەکانی ئێستا، خواردان بەرهەم بهێنێ وببرێتە ماڵەوە وسەرەنجام خۆراکی خێزانە کرێکاریەکان دابین بکات.

خزمەتگوزاری، پاککردنەوەی ماڵ، زۆر بەخێرایی پەرەی گرتووە، بەڵام کرێکاران دەستیان پێڕاناگات، هەروەها کارو خزمەتگوزاریەکانی تریش .. هەندێک لەکۆمپانیاکان خزمەتگوزاری بچوک وکەم بەکرێکارانیان دەدەن، ئەم پیشە گشتیانە دەبێ لەسەرمایەداریشدا پشتگیریان لیبکرێ وداوای زیاتربوونیان وپەرەگرتنیان بکەین.(پۆست، گواستنەوەی گشتی، ڕێگاوبانو پردەکان)، چونکە ئەمانە بەگشتی کار بۆ بێکارانی ناکارامە مسۆگەر دەکەن وهەروەها ژیانی خەڵکیش ئاسانتر دەکەن. بەتایبەتی کەژنان لەکۆمەڵگادا، بەشێکی زۆر لەم دۆخە ناکارامەیی وسەختە بەرەوڕویان کراوەتەوە.

بەلام دەوڵەمندێک هەر خزمەتگوزاریەک کەبۆ گشتی دەکرێت، بەخوێنو ڕەنجی شانی خۆی دەزانێ. ئەم جۆرە کارو خزمەتگوزاریانە لەنیزامی سەرمایەداریدا تاوانی گەورەن بۆ کرێکارانو مەحرومانی کۆمەڵگا. ئێستا چینی بۆرژوازی بەشێوەیەکی تەواو پشتگیری لەگواستنەوە وهاتوچۆی گشتی وڕێگاوبانو پەروەردەو تەندروستی وفێرکردنی خۆڕایی ناکات. لەکاتێکدا بەخەباتی ڕۆژانە هەندی داخوازی لەم بوارانەدا بەسەر خاوەنکارو سەرمایەداریدا داسەپینراوە، بەڵام بۆئەوەی هەموو چینی کرێکار لەخزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگا بەهرەمەند بن ئەوا، شۆڕش وسەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر سەرمایەداری ونیزامەکەیدا، دەخوازێ. گشتی کردنەوە وکۆمەڵایەتی کردنەوەی کاری ناوماڵ وخزمەتگوزاریەکان، بۆ سۆسیالیزم بەمانای ئەوەیە کەژنان لەوکارە قورس وبێبەرهەمەی خێزان ڕزگاریان ببێت وبۆکاری سیاسی وبەڕیوەبردنی کۆمەڵگا ئامادە بکرێن. لێنین و کۆڵنتای و چەندین ڕابەرانی کۆمۆنیستی وکرێکاری باسێکی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە. بێگومان بەشداربوونی پیاوان لەکاری ناوماڵدا تائەو کاتەی گشت کارەکان دەبن بەپیشەی کۆمەڵایەتی پێویستە ودەبێ دەوڵەتی کرێکاری بۆ ئەم شتە هانیان بدات. کۆمەلایەتی بوونەوەی ئەمکارانە، فرسەتی کاری زیاتر بۆ خەڵک پەیدادەکات وکاتێکی زیاتریان بۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی دەهێڵێتەوە.

لێرەدا باس لەوهەنگاوانە کرا کەلەڕیگای ڕزگاری ژنان دان. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە ئەمانە چۆن لەبزوتنەوەی شۆڕشگێرانەدا پێش ودوای سەرکەوتنی شۆڕش خۆیان دەبیننەوەو هەنگاویان بۆهەڵدەگیرێ. لێکۆڵینەوەی ڕوسیای شۆڕشگێر لەم بارەوە کۆمەکی زۆرمان پێدەکات..

## بەشی دووەم

## کۆمیسیۆنەکانی ژنان، لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕووسیای شوورەویدا:

### ژینۆتدیل( Zhenotdel )

### 1919 تا 1930

### مێژوچەی پێش ژینۆتدیل:

بۆ تێگەیشتن لەژینۆتدیل، قسەکردن لەسەر مێژوچەو پێشینەکەی کارێکی بەسودە. چونکە مەسەلەی ڕزگاری ژنان، بزوتنەوەیەکی مێژوویە لەمێژووی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی ڕوسیادا. لەبزوتنەوەی ناردۆنیکەکانی ساڵانی 1840 وە بۆ 1870، ژنانی شۆڕشگێڕی ئەم دەورەیە وەک "ڤێرا زاسۆلیچ"، ڕزگاری ژنان بەشێکی گرنگ بووە لەو بزوتنەوانە تا سەرکەوتنی شۆڕشی 1917ی شوورایی. لەساڵی 1900وە ژنان بەشێکی بەرجەستەو گرنگیان لە چینی کرێکار پێکدەهێنا. ساڵی 1917 ژنان لە40%ی کرێکارانی لەسەرکاریان پێکدەهێنا، کەبەزۆری لەکاری پیس وسەخت وبە کرێی نزم کاریان دەکردو وەک "وولاخی بارهەڵگر" ئاماژەیان پێدەکرا. ژنان لە شۆڕشی 1905دا دەورێکی بەرچاویان گێرا. دواتریش لەشۆرشی 1917دا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە لەشاری پترۆگراد هاتنە نێوشەقامەکان و داوای ئاشتی و نانیان بەرزکردەوە، ئەم خۆپیشاندانە دەورێکی تایبەتی گێڕا لەبەرپاکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، بەتایبەتی لەبارەی  چۆنیەتی ڕێکخستنی ژنانی کرێکار وزەحمەتکێشی لادێ و ڕۆڵیان لەبزوتنەوەی شۆرێگێڕانەو چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی ئەم بزوتنەوەیەدا بەئاڕاستەی ڕزگاری ژنان. بۆلشفیکەکان لەم بارەوە ڕووبەڕووی چەند مەسەلەی گرنگ بوونەوە، کە بریتی بوون لەڕاکێشانی مەیلی چینایەتی ژنانی کرێکار بەرەو شۆڕشی شورایی،

ڕێکخستنی ژنانی کرێکارو جوتیار لەناو بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەدا، ڕاوەستانەوەو خەباتی لێبڕاوانە لەدژی ئە دواکەوتوویە لەڕادەبەدەرەی کەبەسەر کۆـەڵگای ڕوسیادا، وەک بەربەستێک لەبەردەم شۆڕشدا، داسەپێندرابوو.
خەبات بۆڕزگاری ژنان مانای خەباتە لەدژی بەش بەش کردنی هێزی چینی کرێکار، بۆ ژن وپیاو. بەمانای ڕاوەستانەوەیە بەدژی ئەو سیاسەتە گشتیەی کەبەسەر کۆمەڵگاوە داسەپێنراوە وئەم جیاکاریەی داسەپاندووە. خەبات بۆڕزگاری ژنان خەباتە بۆ پێکەێنانی هەلومەرجێک کەتێیدا ژنان پەروەردەو ڕێکخراو بکرێن، بەئاراستەی نەهێشتنی دەسەلاتی پیاوسالاری وبالادەستی پیاوان بەسەر ژناندا، لەگشت بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا. هەروەها خەباتە بۆ نەهێشتنی دەسەلاتی کڵێسا وجیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت. خەباتە بۆ پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ لەناوبردنی سیفەتی ئابووری خێزان لەکۆـەلگادا... مێژوی ژینۆ تدیل دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەم مەسەلانەدا چاوی لێبکرێ.

## ئەو مەسەلانەی کەلە پێکهێنانی ژینۆتدیلدا دەوریان گێرا:

بەرلەوەی لەپایزی 1919 دا ژینۆتدیڵ پێک بهێنرێت، نزیکەی دوو ساڵ دەبوو کەقسەوباس لەناو حزبی بۆلشەویکدا لەسەر چۆنیەتی فۆرمی ڕێکخستنی ژنان گەرم بوو، تالەسەر پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوەیەک بۆ ژنان ساغ ببنەوە، بەڵام لەمبارەوە دوو بۆچونی جیاواز هەبوو. بۆلشەفیکەکان نەک تەنها بۆ یەکسانی یاسایی ژنان وپیاوان خەباتیان دەکرد، بەڵکو بۆ ڕزگاری یەکجاری کۆمەڵایەتی ژنان هاتبونە مەیدانەوە ویەکسانیە یاساییەکانیان تەنها بەسەرەتایەک لەقەلەمدەدا. سەرەتایەک کەڕێگا دەکاتەوە بەرەو خەباتێکی فراوانتر. بۆلشەفیکەکان دژی بۆچوونی فیمینیزمی بۆرژوایی بوون کەبەرنامەی سەرەکیان داوای مافی دەنگدان ومافی موڵکدارێتی بوون بۆژنان. ئەلێکسێندرا کۆڵنتای، یەکێک لەژنە رابەرەکانی حزبی بۆلشەفیک لەم بارەوە دەڵێ:"بەدەست هێنانی مافی سندوقەکانی هەڵبژاردن وشوێنەکانی نوێنەرایەتی لەپەرلەماندا، ئامانجی بزوتنەوەی فمینیستیە. وشیاری ژنانی کرێکار لەوەدایە کەدەزانن نەیەکسانیە سیاسیەکان ونە مافی یەکسان لەیاسادا چارەسەری کوتایی مەسەلەی ژنان ناکەن. تاژنان ناچار بەفرۆشتنی هێزی کاری خۆیان وبەردەیی سەرمایەداری بن. ناتوانن کەسانی ئازاد وسەربەخۆ بن".
کۆلۆنتای ژمارەیەک داخوازی دەستبەجێی خستە ڕوو لەوانە، کەمکردنەوەی سەعاتکار، زیادکردنی کرێ، مامەڵەی باشتر لەکارگەو پاراستنی دایکان وهەروەها داوای باشترکردنی وەزعیەتی سەدان هازار خزمەتکار. هارەوەها مافی یەکسان لەزەویدا بۆ ژنانی جوتیار ونەهێشتنی دەسەلاتی خاوەن زەویەکان.. وهیتر. کەبەبێ ئەم داخوازیانە نەدەکرا باس لەڕزگاری ژنان ببرێتە پێشەوە، بۆیە بۆلشەفیکەکان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، ڕزگاری ژنان بناغەی چینایەتی هەیە. ڕزگاری جەماوەری فراوانی ژنان کاتێک بەدەست دێت کەوەک کرێکارو زەحمەتکێشی لادێ، واتە لەڕووی چینایەتیەوە ڕزگار ببن. کۆلۆنتای دەڵێ:" ژنان کاتێک ئازادو یەکسان دەبن کەکرێکاران سۆسیالیزمیان بیناکردووەو کۆمۆنیزم سەرکەوتووە".
سەرەنجام بۆلشەفیکەکان بەوە گەیشتن کەدەبێ کاری تایبەت لەنێو ژنانی کرێکارو ژنانی لادێدا بەرەو پێشەوەبەرن. ئەم مەسەلەیە لەچەندین گۆشەوە ئەنجامگیری لێکرابوو. لێنین وهاوڕێکانی تر دەیانوت ڕزگاری ژنان بەبێ بەشداری چالاکانەی خۆیان لەبزوتنەوەکەیاندا لەتوانادا نییە. لەلایەکیترەوە بەشداری چالاکانەی ژنان لەشۆڕشدا وایکرد کەقسەو باس لەسەر بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان بەگەرمی بێتە پێشەوە. هۆیەکی تری پێویست بوونی کارو چالاکی تایبەتی لەناوژناندا، لاناوبردنی ئەو دواکەوتوویە لەڕادە بەدەرە بوو، تا ژمارەیەکی زیاتری ژنان بێنە ناو شۆڕشەوە وبەشداری بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە بکەن.
پرسیارێکیتر کەهاتە کایەوە ئەوەبوو، ئایا ڕێکخراویکی تایبەت بۆ مەسەلەی ژنان وخەباتی ڕزگاریان پێویستە، یان نا؟. حزبی بۆلشەفیک بەشێوەیەکی بنەڕەتی دژی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی جەماوەری بوو بۆژنانی کرێکارو زەحمەتکێش. بۆلشەفیکەکان بەگشتی وا بیریان دەکردەوە کەئەم ڕێکخراوەیە سروشتێکی فیمینیستی بەخۆیەوە دەگرێ. هەروەها پێکهێنانی ڕێکخراویکی سەربەخۆی ژنان لەناو حزبدا، ژنانو پیاوانی کرێکار لێک جیادەکاتەوە. ئەوەی لەسەری ساغبونەوە دامەزراندنی بەشێکی ئاژیتاسیۆن (هاندانو فێرکردن) بوو لەناوژناندا کەبەسەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندیەوە بەسترابێت.
بێگومان لەوکاتەی ڕوسیادا ولەکاتی شۆڕشدا، ڕێکخراوێکی جەماوەری کەخەبات بۆ ڕزگاری ژنان بکات و پیاوانو ژنان بەیەکەوە لەخۆبگرێ پێویست بوو. بەتایبەتیش بۆ هاندانی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێشی لادێ بۆ بەشداری لەبزوتنەوەی شۆڕشگێرانە وڕزگاری ژنان بەگشتی هان بداو ڕێکخراویان بکات. ڕوسیا ولاتێکی بێئەندازە دواکەوتوو بوو زۆربەی هەرەزۆری ژنان نەخوێندەوار بوون، ژنان لەکارگەکاندا وەک وڵاخی بار هەڵگر حسابیان بۆدەکرا، لەلادێکاندا کەمێک لەکۆیلە لەسەروترەوە بوون. بەم حالەشەوە ژنان زۆر

چالاکانە لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بەشداریان دەکرد، بەتایبەتی لەومەسەلانەدا کەبەوانەوە پەیوەندی هەبوو. ئەم هۆکارانە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی تایبەت بۆ خەباتی ڕزگاری ژنان پێویست کات. بۆلشەفیکەکان دوای جەنگی ناوخۆ (ناوەراستی ساڵی 1918 تا 1920) ڕیکخراوی جەماوەری ژنانیان پێک نەهێنا چونکە دەوڵەتی شورەوی لەوکاتەدا گیروگرفتی ڕێکخستنەوەی فۆرمە شۆڕشگێرەکانی وەک شووراکانی لەبەردەمدابوو. کۆنفرانسەکانی ژینۆتدیل لەلای خۆیانەوە بەشێکی زۆر لەوکارە جەماوەریانەیان ئەنجام دەداو هەوڵیاندەدا ژنان ڕیکبخەنو هانیان بدەن بۆ بەشداری لەبیناکردنو بەرەو پێشەوە بردنی شۆڕشدا تالەم ڕیگایەوە بەڕزگاری خۆیان بگەن.

## پێشمەرجی پێکهێنانی ژینۆتدیڵ:

پێکهێنانی ژینۆتدێل دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی شوباتی 1917، ژنان لەسەرەتای ئەوسالەدا هاتنەسەرجادە وداخوازی ئاشتیو نانیان بەرزکردەوە وئەمەش بووە پریشکی شۆڕش. هەروئەوکاتەش کە ژنان ڕژانە سەرجادەکانی پترۆگرادەوە کۆمیتەی بۆلشەفیکەکان "ڤێرا سلۆتسکایا"یان کردە نێردراو بۆ دانانی بەرنامەیەکی کارو هاندان لەناوژناندا. پێشنیاری سلۆتسکایا دامەزراندنی بەشێکی تایبەت بەپڕوپاگاندەو هاندان بوو بۆژنان لەناو حزبدا، هەروەها دوای دووبارە بەکارخستنەوەی "ڕۆژنامەی ڕابۆتنیتسا_ کرێکاری ژن" ی کردکە لەساڵی 1814 دا ژمارەکانی یەکەمی دەرچوو، بەلام بەهۆی جەنگەوە راوەستا، لەڕاپۆرتەکەی سلوتسکایادا بەڕۆشنی ئاماژە بەوە کرابوو کە پێکهێنانی بەشێک بۆژنان لەحزبدا کەکاری هاندانو پروپاگەندەبێت بۆ مەسەلەکانی ژنان، بەمانای پێک هێنانی ڕیکخراوەیەک نییە لەم ڕیگایەوە.

کۆڵنتای لەحەوتەم کۆنفرانسی بۆلشەفیکەکاندا کەلەنیسانی 1917دا بەسترا داوای پێکهێنانی "بەشێکی تایبەت بۆ ژنان لەکۆمیتەی ناوەندیدا"ی کرد. بەلام داواکەی ڕەتکرایەوە لەجیاتی ئەمە پێشنیاری پێکهێنانی ئۆرگانێکی تەکنیکی تایبەت بۆ هاندان لەنیوژناندا پەسەندکرا. لەم ڕاستایەشدا ڕۆژنامەی ڕابۆتنیتسا لەمانگی ئایاری 1917دا دووبارە دەستی بەبلاوبوونەوە کرد. بۆئەوەی گرنگی ئەم ڕۆژنامەیە وگشت کارە تایبەتیەکانی تری ناوژنان تێبگەین دەبی بزانین کەحکومەتی شوبات، یانی "حکومەتی کاتی بۆرژوازی کەدوای رووخانی قەیسەر دامەزرا" هیچ کارێکی بۆڕزگاری ژنان نەکرد، بێجگەلە دانی مافی دەنگدان بۆژنان. ئەمەش یەکێک بوو لەخالە لاوازەکانی ئەم حکومەتە و بوو بەهۆکارێک کە پێویستی دەستبردن بۆشۆڕشێکیتر بخەملێنێ.

ئەم مەسەلەیە لەو مەسەلانەبوو کەدەبوایە بۆلشەفیکەکان بەهۆیەوە خۆیان لەحزبە بۆرژوازیو وردە بۆرژوازیەکانی ناوحکومەتی کاتی پێ جیابکەنەوە، هەروەها ئەم هەنگاوە بووە مایەی گۆڕانێک لەبەرنامەی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریادا، شۆڕشێک کەبۆ سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاری ژنان پیویست بوو. ئەو کارانەی لە ڕابۆتنیسا و هەڵسوڕانەکانی تردا دەکران نیشانەی ئەوە بوون کە ڕێکخراوی شۆڕشی پرۆلیتاریا چۆن ئەنجام دراو چۆن خەباتی ڕزگاری ژن بووە بەشێک لەو شۆڕشە.

مێژووی ئەو سەردەمە ونوسراوەکانی ناو 'ڕۆژنامەی پراڤدا" باس لەوە دەکەن کە ژنان دەبێ لەپراکتیکدا یەکسانیەکانی خۆیان بسەلمێنن. لەڕابۆتنیتسادا هانی ژنانی سەربازیان دەدا کەداوای مافێکی زیاتر بکەن لەوەرگرتنی یارمەتی دەوڵەتیدا وهانی ژنانیان دەدا کە نوێنەری زیاتر بۆ شوورا محەللیەکان بنێرن. هەروەها ڕاگەیاندنێک بڵاوکرایەوە بۆ پشتیوانی لە 8 هەزار کرێکاری مانگرتووی جل شۆرگەکان، تا لایەنگریان بۆ کۆبکرێتەوە، هاوکات پێداگری لەسەر ئەوە دەکرا کە ئەم مانگرتنە بۆ هەموو چینی کەێکار بەنرخە. هەر لەم ڕۆژنامەیەدا پێلەسەر ئەوە دادەگیرا کە ڕێکخستنی تایبەتی لەناوژناندا وپشتگیری لەم پێکهاتوانە و لێک گرێدانی بەخەباتی بەشەکانی چینی کرێکارەوە پێویستیەکی تایبەتە. هەروەها ڕۆژنامەکە رووی دەمی دەکردە یەکیەتیە کرێکاریەکان کەمەسەلەی بەشداریکردنی تەواوی ژنان تیایاندا بکەنە ئەرکی خۆیان و داکۆکی لەمافی یەکسانی بکەن و هاندانی ژنان بۆ خەبات بخەنە دەستوری کاری خۆیانەوە.

هاوکات ڕابۆتنیتسا داوای لەمیتینگ و کۆبونەوە گشتیە کرێکاریەکان دەکرد کەباس لە 8 سەعات کار، جمهوری دیموکراتی، هەڵوەشانەوەی موڵکدارێتی گەورەی زەوی، هەروەها باس لەمەسەلەی ژنان و پاراستنی دایک و منداڵ، ماف و یەکسانی سیاسی و یاسایی.. بکەن وبیکەنە دروشمی خەباتی سیاسی وئابووری. ژنانێکی زۆر لە ساڵی 1917 دا ڕۆژانە دەچوونە سەر جادە بۆ داواکردنی نان و ئاشتی ولەدژی ملیۆنەها کوشتەو برسێتی لەڕادەبەدەری ئەنجامی جەنگ دروشمیان ئەدا. لە حوزەیرانی 1917دا ڕابۆتنیستسا کەمپینی لەدژی جەنگ وگرانی دەست پێکرد. ئەمانە دژی فیمیستە بۆرژواییەکان بوو، چونکە ئەوان داوای بەردەوام بوونی جەنگیان دەکرد بەناوی پاراستنی نیشتیمانەوە. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا نوسینگەی حزب بۆ مەسەلەی ژنان بانگەوازی بۆ

کۆنفرانسێکی ژنانی کرێکار لە پترۆگراد کرد. ئەو نوێنەرانەی لەم کۆنفرانسەدا بەشداربوون 500 ژن بوون کە نوێنەرایەتی هەشتا هەزار کرێکاری ژنیان دەکرد لەکارگەکا و یەکیەتیەکان و فرۆشگاو یەکیەتیەکانی لاوان و ئۆرگانەکانی حزبدا. شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە هۆی پچڕانی ئەم کۆنفرانسە، بەڵام لەناوەڕاستی تشرینی دووەمدا دەستیان بەکار کردەوە. ئەمانە ئەو کارانەی ژنان بوون کە لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ڕۆڵیان گێڕا.

## شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕیگای خەباتی ژنانی کردەوە:

حکومەتی شوورایی کەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر هاتەسەر کار، دەستبەجێ کۆمەڵێک هەنگاوی بەرەوپێش نا. بۆلشەفیکەکان یەکسانی تەواوی ژنانیان ڕۆشن کردەوە، ڕاستەوخۆش پاراستنی کاری ژنان ومنالانیان خستە یاساوە، هەروەها بیمەی کۆمەڵایەتی و خانە نشینیان بۆ ژنان بەڕەسمی چەسپاند ومافی یەکسانیان لە پێکهێنانی خیزان و جیا بوونەوەدا بەڕەسمی ناسی. یەکەم هەنگاوی شووراکان ئەوەبوو مافی خۆ کاندید کردنی ژنان بەرەسمی ناسی لەگشت ئاستەکانی هەڵبژاردندا. مەسەلەی منالٚ لەباربردن، کەتا ساڵی 1918 بەتاوان دادەنرا، هەر لەم ساڵەدا هەڵوەشێندرایەوە و لە ساڵی 1920دا منالٚ لەباربردن کرایە مافێکی یاسایی ومەرج و ڕیسای بۆدانرا. هاوکات بۆلشەفیکەکان ڕۆشنیان کردەوە کەئەمانە تەنها یەکەم هەنگاون ودەبێ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری زیاتری بەدوادا بێت، هەربۆیە بانگەوازیان بۆ خەباتێک کرد لەدژی هەموو ئەو یاسایانەی کەکۆیلەیەتی بۆ ژنان بەدوای خۆیاندا دێنن، بەتایبەتی لەدژی دەسەلاتی قەشەو مەلا و ئایین دەستیان دایە تێکۆشانێکی بەرفراوان. بەڵام لەسەرەتای ئەم خەباتەدا تەنها ئەوەندەیان بۆکرا چونکە لەگەڵ شەڕی مان ونەمان دابوون، بەرامبەر بەبەرەی دژی شۆڕش.

## کۆمیسیۆنەکانی ژنان:

سەرکەوتنی شۆڕشی بۆلشەفیکەکان و ئەو هەنگاوانەی حکومەتی تازە هەڵیگرت، دەرگای خەباتو دەستپێکردنی ڕێگاکانی رزگاری ژنانی کردەوە، لەتشرینی دووەمی 1918دا یەکەم کۆنفرانسی سەراسەری ژنانی کرێکارو زەحمەتکێشی لادێی ڕووسیا سازدرا. ئەم کۆنفرانسە لەدروستکردنی ژینۆتدیلدا دەورێکی چارەنوسسازی گێڕا، ژنان بەژمارەیەکی زۆرەوە بەرەو بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەوە هاتن، بۆ ئەم کۆنفرانسە وادانرابوو تەنها 300 ژن بەشداری تێدابکەن ، بەلام دواتر 1147 ژن ڕوویان لەکۆنفرانسەکە کرد. لەڕاستیدا ئەمە جێی سەرسوڕمان بوو بۆ ئەوانەی کۆنفرانسەکەیان سازدابوو. یەکێک لەوانە دەڵێت: "ئەم کۆنفرانسە زۆر مەسەلەی گەورەی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، لەوانە ڕێکخستنی ژنان لەپشتگیری کردنی جەنگی ناوخۆییدا، بەشداری ژنان لەحزب و حکومەتو یەکیەتیەکاندا، هەوەها باس لەمەسەلەی پەروەردەو خویندن و خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و کۆمەلایەتی کردنەوەی کاری ناوماڵی ژنان کرا". چەندین پێشنیار لەم کۆنفرانسەدا لەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ژینۆتدیلەوە پەسەند کرا. یەکێک لەو پێشنیارانە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک بوو بۆ ژنان کەبە ڕێکخراوەکانی حزبەوە پەیوەست بێ وکاری هاندان و ووشیارکردنەوەی ژنانی کرێکار لەئەستۆبگرێ. هەروەها باس لە پێکهینانی کۆمیسیۆنێکی تایبەتیان کرد لەمۆسکۆ بەڕابەری "ئەنیسا ئارماند و کۆلۆنتای و ڤیرا مواروفا".

پاش ئەم کۆنفرانسە کاری زۆر هەبوون بۆ بەشداریکردن و ڕێکخستنی ژنان لەجەنگی ناوخۆدا، پێویستی ڕیکخستنی ژنانی کرێکار وجوتیار بۆ بەرگریکردن لەشۆڕش کرایە مەسەلەیەکی بنەڕەتی، کادرە ڕابەرەکانی ژنان لە شەمەندەنەفەری ڕازێندراوە، بەپۆستەرو وێنەو دروشمی هاندەرانەدا، کەبۆ ڕاکێشان و هوشیارکردنەوەی ژنان ئامادەکرابوو، سەراسەری ولاتیان گەشت کرد و لەهەرشوینێک جێگیر دەبوون ژنانیان کۆدەکردەوەو داوای پشتگیری کردن و بەشداریکردنیان لەشۆڕشدا دەکرد. تەنانەت کۆمیسیۆن کۆلۆنتای و سامۆالۆفای نارد بۆ ئۆکرانیاو ڤیراموروفا بۆ کیف.

ئەم کارانە سەرکەوتووبوون. کۆڵنتای لەووتاری"ژنانی کرێکارو جوتیار"داباس لەوە دەکات کەژنان هەرلەسەرەتاوە لەجەنگی ناوخۆدا بەشداربوون، بەڵام لەکۆتایی 1918دا ئەم بەشداربوونەیەیان ڕیکخراوکرد وزیاتر لە 73 هەزار ژن بەپلەو کاری جیاجیاوە لەناوسوپای سووردا وەک هاندەری سیاسی، پزیشککار.. هەڵسوڕاو بوون. تەنانەت لەشەممە و یەکشەممەی سوردا کاریان دەکرد ولەهەڵمەتەکانی دژی نەخۆشیە درمەکان ویارمەتیدانی خێزانی سەربازان ومناڵە بێسەرپەرشتەکاندا چالاکانە خەریکی کاربوون. لەئۆکرانیا پۆستەرێکیان بلاوکردەوە کەلێی نوسرابوو" تەنها بۆمناڵەکانی خۆت مەبە بەدایک، بەڵکو بۆ هەموو منالان". کۆڵنتای دەڵێ: " ژنانی پتۆگراد تەنها 500 سستەریان بۆ بەرەی جەنگ نەنارد، بەڵکو هەزارانیان لەکاروباری بەکارهێنانی چەک، کاری

گەیاندن، کارگەکانی دروستکردنی تەقەمەنی، وەتەنانەت لەوسەرما توندەی پایزدا، بەگیانێکی لەخۆ بردووانەوە لەچاڵ هەڵکەندن ودانانی تەلبەند بەدەوری پترۆگراددا، کاریان کردو ڕەنجیان کێشا، تەنانەت ژمارەیەکی زۆریشیان بەشداری بەرەی جەنگیانکرد و بوونە فەرماندەی سەربازی".

لەکۆنفرانسدا، باس لەپێکهێنانی فرۆشگا وچیشتخانە وجلشۆرگەی گشتی کرا. ساڵی 1920 نزیکەی لە90%ی دانیشتوانی پتۆگراد لەچیشتخانە گشتیەکان نانیان دەخوارد، هەروەها لەمۆسکۆ بەرێژەی لە60%. ئەمە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی شەڕەوە دەستی بۆبرا وەک تاکە ڕیگایەک بۆ دابینکردنو دابەشکردنی خۆراک بەسەر خەلکداو وەک هەنگاوێکی سۆسیالیستانە چاوی لێکرا. بەوهیوایەی کەئیتر ژنان لەوەزیاتر بەچوراردیواری ماڵەوە نەبەسترێنەوە. هەروەها بۆلشەفیکەکان بەپارێزگاری کردن لەدایکو مناڵ وباشکردنی شوێنیکار بەتایەبت بۆژنان ونەهێستنی نەخویندەواریەوە خەریک بوون. ماوەیەکی کەم دوای کۆنفرانسی ژنانی هەموو ڕوسیا، ئەنیسا ئارماند پێشنیاری ئەوەی کرد کەژنان بۆکاری سیاسیو وبەڕیوەبدرن ڕابهێندرێن. لەکۆبوونەوەکانی زستانی 1919دا کۆمەڵیک ژن هەڵبژێردران کەوەک دەورە، بۆماوەی سێ مانگ، بچنە وەزارەتەکانی دەوڵەتو شووراکانەوە، تا فێربن، دواتر ئەم ژنانە سیستەمی نوێنەرایەتی وپێکهێنانی کۆمیسیۆنەکانیان گرتە ئەستۆ وسەرەنجام لەپێکهێنانی ژینۆتدێلدا دەوریان گێرا. ئارماند ئەم کارانە بەپەروەردەی سیاسی ژنان ناودەبات. ژنانێک کەلەم دەورانەدا بەشداربوون دوای تەواوکردنی دەورەکانیان ڕاپۆرتیان دەداو باسیان لەو کارانەدەکرد کەفێری بوبوون. مەسەلەکە ئەوەبوو ژنان لەنزیکەوە ببینن حکومەت چۆن کاردەکات و ولات چۆن بەڕیوەدەبرێ، تادواتر بەشداری بکەن تیایدا. ئەم دەورەو کۆبوونەوانەی ژنان لەکارگەکانو قوتابخانەو گەرەکەکاندا ولەئاستی شارو شارۆچکەکان سازدەدرا. تەنانەت ژنان ئامادە دەکرانو هەڵدەبژێردران بۆ دەوراتی فێربوونی کاروباری خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، دادگاکان.. سەرەنجام ژنانێک وەک دادوەر کاریان وەردەگرت.

لەکۆنفرانسی حزبی بۆلشەفیکدا کۆمیسیۆنی ژنان هەزاران نامەیان لەژنانی شوینە جیاوازەکانی وڵاتەوە پێدەگەیشت کەدوای یارمەتی وپشتیوانیان دەکرد. کۆڵنتای لەم کۆنگرەیەدا باسی لەوەکرد کەئەگەر هەنگاو نەنرێ بۆ ڕزگار کردنی ژن لەکاری ناوماڵ ناتوانن لەسیاسەتو کاری دەوڵەتدا بەشداری چالاکانەیان ببێت وسەرکەوتووبن. پێشنیاری زۆر کرا بۆ کار لەنێوژناندا. سەرەنجام بڕیاردارا لەسەر ئەوەی کەدەبێ لەهەموو کۆبونەوەیەکی حزبیدا بەشداربوونی نوێنەری کۆمیسیۆنی ژنان دابین بکرێ ودەبێ دەورەی ڕاهێنانی سیاسی بۆ ژنان لەگشت ئۆرگانەکان وڕیکخراوەکانی حزبدا چالاک بکرێتەوە، کۆنفرانس برِیاری لەسەر پشتگیری تەواوی حزب وئۆرگانەکانی لەکۆمیسیۆنی ژنان دەرکرد.

## بەشی سێهەم

## پێکهێنانی ژینۆتێل:

فۆرمی ژینۆتدێل لەئەیلولی 1919 دا، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا دارێژرا، لەکۆنفڕانسی هەشتەمدا، ڕەخنەکانی ژنان ئەوەبوو کەکارەکانیان بێنرخەو لەخوار ئاستی پێویستدایە. بۆیە دەبێت کۆمیسێۆنەکان بکرێت بەبەشێک لەحزب لەئاستی گشت وڵاتدا. ئاراماند داوای پێکهێنانی نوسینگەکانی ژنانی کرد، لەجۆری ئەوانەی کەحزبی سۆسیال دیمکراتەکانی ئەڵمانیا ، بەرلەجەنگی جیهانی یەکەم دەستیان بۆ بردبوو.

یەکەم کاری ژینۆتدێل، دانانی لانی کەم یەک ئەندامبوو لەکۆمیتەی پشکنینی هەرکارگەیەکدا. بەتایبەتی کەیەکێک لەئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم وجەنگی ناوخۆ، تێکچوونی نەزمی کۆمەلایەتی باوبوو. لەساڵی 1920دا ژنان 42.2%هێزی کاریان لەپترۆگراد پێکدەهێنا. نێردراوەکانی ژینۆتدێل، کاریان بریتیبوو لەچاودێری کردنی وەزعی ژنانی کرێکار لەشوێنی کاردا. ئەنجامدانی سەعاتکارە دیاریکراوەکان. هەروەها چاودێری کردنی بڕیارەکانی شەوکاری، زێدەکاری وپاراستنی دایک وژنانی سکپڕ لەکاردا. ئەم نێردراوانە چاودێری جێبەجێ کردنی مەرجەکانی سەلامەتی کاریان لەکارگەکاندا دەکرد. کارێکیتریان پێکهێنانی کۆبوونەوەو دەورەی فێرکردن بوو. لەکاتێکدا کەملیۆنەها پیاو لەبەرەکانی جەنگدا بوون وزۆربەیان گیانیان لەدەستدا، ملیۆنەها ژن بوونە سەرپەرشتیار ونانئاوەری خێزانەکانیان. یەکێک لەهەڵسوراوانی ژینۆتدێل دەڵێ:" لەساڵی 1920دا کرۆبسکایا لەڕاپۆرتێکدا باسی لەوەکردووە کەژنان بەهۆی شەڕەوە سەربەخۆییەکی زیاتریان دەستکەوت وپەیوەندیان لەگەڵ پیاواندا بەرەو پەیوەندێکی هاوڕێیانەو ئاسایی ولەوفۆرمەکۆنەی بۆرژوازی دەرچوون. هەروەها بەهۆی جەنگەوە لەشفرۆشی زیادی کرد. لەباربردنی مناڵ کەزۆرجار دەبوە هۆی مردنی دایکەکەو ژمارەی منالانی بێکەس زیادی کرد. کرۆبسکایا لەبەرامبەر ئەم دۆخەی ژناندا داوای کاری دەستبەجێی لەدەوڵەت

کرد بۆ پاراستنی منالان ودامەزراندنی مەڵبەندی سەرپەرشتی وتەندروستی بۆیان".
لەتشرینی دووەمی 1920دا کۆمیسیۆنێک بۆخەبات لەدژی لەشفرۆشێ دامەزرا. ئەم کۆمیسیۆنەی ژینۆتدیل لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتدا ڕێکەوتن کەهەر ژنێک کاری لەشفرۆشی بکات و دەست بەسەر بکرێ دەبێت ببرێت بۆ کۆمیسیۆنەکانی کار ولەوێ بخرێنە کۆرسی فێرکردنەوە ویارمەتی تەواویان بدرێ بۆ پەیداکردنی کار ودووبارە بگێردرێنەوە بۆ نێوکۆمەڵگا. تەنها ئەوژنانەی کەچەندجارێک بەتۆمەتی کاری لەشفرۆشی دەگیران، دەبران بۆ کاری زۆرە ملێ. کۆمەڵێک کۆبوونەوە و سمینار لەمۆسکۆ بۆیارمەتیو هاندانی ئەمجۆرە ژنانە دامەزرا تاکاریک بکەنو لەچالاکیە کۆمەلایەتیەکاندا بەشداربن.
لەسالانی 1919-1920 نێردراوەکانی ژینۆتدیل بوونە سیمایەکی ناسراو لەلادێو شارەکانی ڕوسیادا. لەکۆنفراسنی دووەمی بنیاتنەرانی ژینۆتدیلدا دەرکەت کەلەگشت شوێنێکی یەکیەتی سوڤیەتدا ولەبەشی ئەورووپاکەیدا نوسینگەی ژینۆتیدل دامەزراوە. راپۆرتێکی کۆڵنتای ئاماژە بۆئەوەدەکات کە70 هەزار نێردراو کەنوێنەرایەتی 3ملیۆن ژنیان دەکرد، پەیوەندیان بەژینۆتدیڵەوە کردوە. ئەمانە چەند نمونەیەک بوون لەکارەکانی ژینۆتدیڵ، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا.

## ژێنۆتدیڵ لەسەردەمی "نیپ"دا(سیاسەتی ئابووری نوێ)

لەکۆتایی شەڕی ناوخۆدا بۆلشەفیکەکان پێویستیان بەپێداچوونەوە بوو بەکارەکانیاندا. یەکێک لەوکارانەش ژینۆتدیڵ بوو. وەک ووتمان زۆربەی نێردراوەکانی ژنۆتدیڵ لەپێکهێنانو بەکارخستنی چیشتخانەو جلشۆرگە گشتیەکاندا خەریکی کاربوون، لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا. لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی ناوخۆ، زوربەی ئەم شوێنانە بەرەو نەمان چون. ئابووری وڵات بەهۆی شەڕی ناوخۆ وجەنگی جیهانی یەکەمە تەواو ماندبوو، کرێکاران بەم هۆیەوە نەیانتوانی پیشەسازی بەرەو پێشەوە بەرن وئابوری وولات لەوهیلاکیە دەر بهێنن وهەنگاو بەرەو سۆسیالیزم بنێن، بەم هۆیانەوە بۆلشەفیکەکان روویان کردە سیاسەتی ئابووری نوێ "نیپ"، تابەهۆیەوە پیشەسازی وڵات بەرەو پێشەوە بەرن وهەنگای ئابوری گەورە هەڵگرن ولەکۆتایدا ڕێگای سۆسیالیزم بگرنەبەر. بەهۆی نیپەوە دەزگایەکی گەورەی دەوڵەت جێگیر کرا. ژنانی ژینۆتدیل وهەڵسوڕاوەکانی ساڵانی بیست بەوکاروبارانەوە خەریک بوون، کەمبوونەوە. بۆنمونە چێشتخانەی گشتی کارگەکان. لەساڵی 1925دا لەلینینگراد 53 دایەنگا لەکارگەکاندا هەبوو کەخزمەتی 2270منالاین لەئەستۆگرتبوو.
لەمۆسکۆ کارگەیەکی گەورە بەناوی"سری هێل" کاریدەکرد، ساڵی 1927 جێگایەکی گەورەی وەک دایەنگای تیا دانرا، بەلام تەنها جێگایەک بوو بۆ منالانی ئەو ژنانەی لەم کارگەیەدا کاریاندەکرد. هاوکات لەکارگەکانی تریشدا دایەنگا بەهەمان شیوە هەبوو هەرچەندە دایەنگا بۆهامووکرێکاران سازنەدرابوو. هۆکارێکیتری شەڕی ناوخۆو نیپ دەرکردنی ژمارەیەک لەژنان بوو لەسەرکارەکانیان. لەساڵی 1920دا کرێکارانێکی زۆر بێکاربوون زۆریەک لەکارگەکان داخران وپیاوەکانی بەرەی جەنگ گەرانەوە.. ئەمانە دۆخێکی ئالۆزیان پێکهێنا. "کۆمۆنیستکا"(ئۆرگانی تیۆەری ژینۆتدیڵ) نوسیبووی کەبەدەستپێکردنی نیپ، سێ یەکی ژنانی لەسەر کار واتە 900هەزار ژن کارەکانیان لەدەستدا. هەروەها باس لەوەدەکات کەزۆربەی لەسەرکار دەرکردنەکانی ژنان بەبێ گوێدانە دۆخی ئابوری وکۆمەلایەتیان پەیڕەوی لێکراوە. هەندێک لەیەکیەتیە کرێکاریەکان ناڕەزایەتیان بەم دیاردەیە دەربرێ.
ژینۆتدیڵ لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا چۆن مامەڵەی کرد؟ "هایدین" کەلەو مێژوەی کۆڵیوەتەوە دەڵێ" لەبەر ئەوەی یەکەم، ئەو کرێکارانەی کاریان لەدەستدەدا، کرێکارانی ناکارامەبوون، ژنانیش لەم جۆرە کرێکارانەبوون، دیارە ژنان بەریەکەمین شەپۆلەکانی ئەم لەسەرکاردەرکردنە کەوتبوون.. ژینۆتدیڵ ژنانی کۆکردەوەو هوشیاریان دەکردنەوەو دەورەی فێربوونی پیشەیی بۆدەکردنەوە، تاکارامەیی بەدەست بهێنن. لەمبارەوە بەشێکی زۆر لەم ژنانە بەکاری ڕستن وچنینی جلو بەرگەوە خەریک کران.. ژینۆتیدیڵ ساڵی 924 نایاسایی بوونی کاری ژنانی هەڵوەشاندەوە، تا بەهانەی لەسەر کاردەرکردنیان کەمبکاتەوە".
راپۆرتێک لەکۆبوونەوەی گشتی ژینۆتدیڵدا، لەساڵی 1921 دائامادەکراوە، کەتێیدا هاتووەو دەڵێ" زۆرکەس لەوترسەدان کەئەم بارودۆخە ئابوریە تازەیە تەنها ژمارەیەکی زۆر لەژنان بێکار ناکات، بەلکو کۆیلەیەتی لەسەریان توندەکاتەوە، لەگەڵ دروستبوونی ئەم هەموو گیروگرفتانەدا بێتوانایی ئێمە دەردەکەوێ لەهاوتاکردنی کارەکانی ژنان لەگەڵ وەزعی ئابوری نوێدا، مەسەلەیەکی تریش گومان پەیداکردنی خەڵکە لەتوانییەکانمان".

## گیروگرفتەکان:

لەگەڵ دەستپێکردن بەبەرنامەی سیاسەتی ئابوری نویدا"نیپ"، گیروگرفتی زۆر سەری هەڵدا. لەناوەڕاستی ساڵی 920وە تاکۆتایەکەی ئابووری ڕوسیا هاوسەنگی بەدەستهێنایەوە ودەبوایە دوبارە چێشتخانەی گشتی ودایەنگاو خزمەتگوزاریەکانی تر بۆ کرێکاران دابمەزرایەتەوە، کەچی هەنگاوی لەم جۆرە نەنرا. لەکۆتایی بیستەکاندا زۆربەی مەڵبەندە خزمەتگوزاریەکان لەلایەن ڕژێمی ستالینەوە داخران. لەسییەکاندا ژمارەیەکی زۆرتر کافتریاو مەڵبەندیتر لەکارگەکاندا کرانەوە (ئەم هەنگاوانەش لەماوەی نیپدا ئەنجام نەدران، بەلکو وەک بەشێک لەپلانی پێنجساڵە دەستیان بۆبرا. هەر لەم ماوەیەدا پیشەسازیکردن وکۆمابوونی سەرمایە دەستی پێکرد، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم بەرەوپێشچونانە باڕاستەی چ ئامانجێکی کۆمەڵایەتیدا بەرەوپێشەوە چوون؟). ئەم کافتریاو خزمەتگوزاریانەی ناو کارخانەکان بۆ لەناوبردنی کۆیلەیەتی ژنان نەبوو، بەڵکو بۆئەوە بوو هێزی کاریان لەخزمەت پیشەسازیکردنی سەرمایەداری لەروسیادا ئامادەبکات. هەروەک ووتمان ئەم خزمەتانە بۆهەموو چینی کرێکار نەبوو، بەڵکو بوونیان بەند بوو بەقەبارە وجۆری کارگەکانەوە.

ئێمە ئەو دۆخە خراپە ئابووریەی ئەوکاتی ڕوسیای شورەویی کەلەوماوەیەدا گیرۆدەی بووە، دەرک دەکەین. دەرک بەلەخوارەوەبوونی ئاستی بەرهەمهێنانو بونی چەندین دوژمن کەلەدژی دەوڵەت لەئارادابوون دەکەین. هەربەم هۆیانەشەوەبوو کەژمارەیەکی زۆر لەخەڵک ڕویان کردەوە لادێکان. دەزانین کەنیپ پێویست بوو بۆبەرەو پێشبردنی پیشەسازیو کەمکردنەوەی جیاوازیەکانی نیوان لادێو شار. بەلام پرسیارێک کەدێتەئاراوە ئەوەیەکە ئایا نیپ زیاد لەئەندازەی خۆی کەپێویستکات بەدەستەوە نەگیرا؟ ئایا بوارێکی زیاد بەبۆرژوازی وکادرە فەنییەکانی نەدرا؟ وەئایا پێویست نەبوو بوار لەبەردەم ئەمانەدا کەم بکرێتەوەو دیاری بکرێت؟ هەروەها پرسیار ئەوەیە کەئایا نەدەبوو کارێکی زیاتر بۆژنان بدۆزرێتەوە ونەدەبوایە خەباتێکی زیاتر بۆچاککردنی شوێن وگوزەرانی کاریان بکرێ؟ ئایا ئەوەی کەکرا بۆبەرزکردنەوەی ڕادەی هوشیاریو کارامەیی ژنان بەس بوو؟ بۆوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە.

## کارکردن لەنێو جوتیاراندا:

تەواو بوونی جەنگی ناوخۆ، مەیدانێکی تازەی کارکردنی لەناوجوتیاراندا بۆ لینۆتدیل کردەوە. بەبۆچوونی هایدن ئەم مەیدانە بەهۆی گیروگرفتەکانی کارکردنی ناو کرێکاران، گرنگی خۆی پێدرا، ئەمە بۆچونێکەو کۆڵنتای لە1921دا بۆچونێکی تری هەبوو، لەمبارەوە دەڵێ" ئێستا ئەوژنانەی کەپێمانەوە پەیوەست دەبن، تاک تاک نییە، ، بەڵکو ژنان بەکۆمەڵ لەبنیاتنانی کۆماری سۆڤیەتدا بەشداری دەکەن. لەکاتێکدا ژنانی جوتیار زۆر بەهێواشی هوشیاردەبنەوە. ئەمەلەکاتێکدایە کەژنانی هەژاری شارەکان بەمافەکانی خۆیان ئاشنابوون وئایندەی خۆیان بەئایندەی کۆمۆنیزمەوە گرێداوە. ئەرکی حزب لەئێستادا چوونە ناودڵو ئەقڵی ژنانی جوتیارە".

ئاشکرایە حزبی بۆلشەفیک کارێکی زۆری لەناو ژنانی لادێدا دەست پێکرد لەدوای شەڕی ناوخۆوە، ستالین لەساڵی 1923دا دەڵێ "دەبێ ژینۆتدیڵ ملیۆنەها ژنی لادێ بۆ بنیاتنانی شۆڤیەت بینەمەیدانەوە". هەرچۆنێک بێت لەسۆڤیەت بەبێ لەناوبردنی دواکەوتویی ودەسەڵاتی پیاو لەلادێکاندا نەدەچوە پێشەوە. ژنان بۆخەبات وبۆ بەشداری کردن لەبنایتنانی سۆڤیەتدا بێنەمەیدان، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم وشەڕی ناوخۆ ژنانی لادێش کەمێک سەربەخۆییان بەدەستهێنا. ئەمە بووە مایەی بەرپرسیاربوونیان لەخێزانەکانیان وئەنجامدانی زۆربەی کارەکان. ڕێژەی ژنانی لادێ لەژینۆتدیڵدا لەدوای شەڕی ناوخۆوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد. ساڵی 1923 هەڵسوڕاوانی ژینۆتدیڵ لە30% کرێکار ولە30% ژنانی لادێ بوو. لە925دا لە18%ی کرێکارو لە63%ی ژنانی لادێ بوون. ساڵی 1926 نیوملیۆن ژنی هەڵسوراو لەتەواوی ڕوسیادا هەبوون کەلە20% ی کرێکار ولە64%ی ژنانی جوتیار بوون. لەم ڕێژانە بەولاوە ژنانی فەرمانبەرو ژنانی ماڵەوە وخزمەتکاران بوون.

## لەڕۆژهەلات:

لەدوای شەڕی ناوخۆوە، ژینۆتدیڵ کاری خۆی لەڕۆژهەڵاتیش درێژە پێدا. لەبەهاری 921دا نزیکەی 20 نێردراوی ژینۆتدیڵ بۆ ئازربایجان، تورکستان، باشکیریا، کریمیاو قەفقاز ڕەوانەکران. لەکۆتایی مارتدا 45 ژنی موسلمان لەمۆسکۆ کۆبونەوەیەکیان بەرپاکرد کەتێیدا ئەو ڕێگایانەیان باسکرد کەیاساکانی ئیسلامی پێبگۆڕن وبریاریاندا یانە وپۆلی فێرکردن وکاری فەرهەنگی ودەورەی سستەری لەناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەرپابکەن ونمونەی کاری شوراکان لەم شوێنانە نیشان بدەن. لەحوزەیرانی 921دا

لەدووەم کۆنفرانسی کۆمینترێندا بۆژنان، نوینەرایەتی ڕۆژهەلات، سەرپۆشەکانیان فرێدا. کۆڵنتای نوسیویەتی"ئەوساتەی ژنانی کۆمارەکانی ڕۆژهەلاتی سۆڤیەت هاتنە ناوکۆنفرانسەکەوە وسەرپۆشەکانیان فرێدا، نمونەی سەرکەوتنمان بوو لەپەیوەستکردنی ژنانی ڕۆژهەلات بەکۆمۆنیزمەوە".

لەڕۆژهەڵات ژینۆتدیڵ لەفراوان بووندابوو، ساڵی 1920 پێنج هەزار ئەندام وساڵی 925 15هەزار ئەندامی هەبوو. یەکەمین ئەندامەکانیان دانیشتووی شارەکانی ڕوسیابوو، هەروەها چەندین ڕیکخەر لەناوچەکانی تەتەر، قازان وکریمیا، خەریکی کاروهەلسوڕانبوون، ئەم ناوچانە لەگەلێک شوێنیتر پێشکەوتوترو خویندەوارتر بوون. ئەم ڕێکخەرانە دەچوونە ماڵەکان، پرسەو سەرەخۆشیەکان وحەمام وبازاڕەکانەوە بۆقسەکردن لەگەڵ ژناندا. هەندێک جار وەک ژنانیتر سەرپۆشیان دەپۆشی. لەژێر فشاری ئەم ڕێکخەرانەو هەوڵەکانیاندا، مەلاکان باسیان لەئیسلامی مۆدێرن دەکرد تاژنان لەژینۆتدیڵ دوربخەنەوە. لەساڵی 1927دا 100 هەزار ژن لەبۆخارا وئەزبکستان سەرپۆشەکانیان فرپیدا وسوتانیان. بەلام دوای ساڵێک تەنها 5هەزار ژن لەمانە سەرپۆشەکانیان بۆهەتاهەتایە نەکردەوەسەر. لەساڵی 930دا هیچ ژنێک بەسەرپۆشەوە لەبۆخارادا، نەدەبینرا. حکومەت نەیویست یاسا لەدژی پۆشینی سەرپۆشدەربکات، بەلام یاسای دانا بۆپاراستنی ئەوژنانەی سەریان ڕووت دەکرد. ژینۆتیدیڵ دەستیکرد بەسازدانی کەمپین بۆکۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ناوچە ساردو هەژارەکان، تاژنانو منالان بپارێزێ. بۆنمونە جل وبەرگی گەرمو زستانەی بۆژنانو منالانی قەفقاز کۆکردەوەو بەڕێیخست. هەروەها یانەی ژنان لەزۆربەی ئەم ناوچانەدا دامەزراند. هاندانو هوشیارکردنەوەی ژنان بەئاستێکی زۆر فراوان بەرپاکرا وبەچەندین شێوازی جۆراوجۆر ئەم هەنگاوانە چوونە پێشەوە. فلیم، ڕۆژنامە، پۆستەر وشانۆ.. هیتر، بەکارهێنران، تا ژنان ڕاکێشرێنە نێو فەزایەکی هوشیاریو بەئاگاهاتنەوەوە. تەنها لەکازاخستان لەساڵی 927 دا چەندین مەڵبەندی هاندانو هوشیارکردنەوەی ژنان دامەزرێنرا. جگەلەمانە ڕیکخەرانی ژینۆتیدیڵ دەیان کۆبوونەوەی گەورەیان ڕێکخست کەتیایاندا ژمارەیەکی زۆر لەژنانی جوتیاری ناوچەکانی ڕۆژهەلاتو ژنانی کرێکاری ڕۆژئاوای ڕوسیایان پێکەوە کۆدەکردەوە تالەئەزمنو ئاستی هوشیاری یەکتر ئاشنایەتی پەیدابکەن وجیاوازی نیوانیان کەمبکەنەوە. ڕۆژی جیهانی ژن بووە ڕۆژێکی گەورە ومەراسیم وسمیناری زۆر شکۆداری بۆسازدەدرا. لەمکاتانەدا نوسینەکانی ژینۆتیدڵ ببون بەپەناگای ژنە تۆراوو نارازیەکان ومنالانێکی بێکەس.. ئەمە لەکاتێکدابوو کاکاری ناڕەوا دژ بەم ژن ومنالانە لەلایەن پیاوانی دواکەوتوەوە ئەنجامدەدرا ومەلاو قەشە وبەگزادەکان هانیان دەدان بۆ ئەم جۆرەکارانە.. تەنانەت پڕوپاگەندەی زۆر لەدژی بۆلشەفیکەکان دەکرا، لەجۆری بەگشتی کردنی ژنان، هەڵوەشانەوەی خێزان، بەکارهێنانی نوسینگەکانی جوتیاران بۆکاری خراپو نەشیاو. شایانی باسە لەڕەوتی هەڵسورانی ڕیکخەرەکانی ژینۆتیدیڵدا، چەندین ژنی چالاکو هەلسوراو کوژران. تەنانەت ئەوژنانەی کەلەیانەو نوسینگەکانی ژینۆتدیڵ، دوای تەواو بوونی کارەکانیان دەگەڕانەوە بۆماڵ هەوڵی کوشتنو تیرۆرکردنیان دەدراو ژمارەیەکیش لەمانە بوونەقوربانی. بگرە زۆرجار سەگی هاریان تێبەردەدراو ئاوی گەرمیان بەسەردا دەکردن. کچێکی 18 ساڵی ئەندامی ژینۆتدیڵ لەئۆزبەکستان لەتلەتکراو فرێدرایە نێو بیرەوە. ژنێکی تری موسولمان لەلایەن براو باوکیەوە تامردن بەقامچی لێیاندا، لەبەرئەوەی کەلەحەمامێکدا بینرابوو کەلەلایەن ژینۆتدیڵەوە بەخۆرایی بۆخزمەتی ژنان دروستکرابوو. لە3مانگی یەکەمی 1929دا 300 تاوانی لەمجۆرە ڕوویاندا. ئەم تاوانانە لەلایەن حکومەتەوە سزای قورسیان بۆدەرکرا.. هەرچۆنێک بێت کارەکانی ژینۆتدیڵ لەناوچەکانی ڕۆژهەلات، لەکارە هەرە بەرچاوو پڕبایەخەکانی خەبات وبزوتنەوەی ڕزگاری ژنان بوو، کەوەک بەرهەمێکی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بۆلشەفیکەکان خۆی دەرخست.

## قسەو باسەکانی ناوحزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت:

لەناو حزبی بۆلشەفیکدا گیروگرفت وبۆچوونی جیاجیا هەبوو، لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاری ژناندا، بەتایبەت لەبەرامبەر بەرنامەی کاری ژینۆتدیڵدا. لەزۆربەی کۆنفرانسەکاندا هەڵسوراوانی ژنانی نێو ژینۆتدیڵ ڕەخنەیان ئەوەبوو کەحزب ئاوڕی تەواو لەم مەسەلەیە ناداتەوە وزۆر لەڕیکخراوو ئۆرگانەکانی ناراستەوخۆ دژایەتی مەسەلەی ژنان دەکەن وەیا گرنگی زۆری پێنادەن. لەکۆنفرانسی نۆهەمدا کەلەساڵی 1920دا بەسترا، مارتینۆفا سکاڵای کرد ووتی" دەبێ کۆمیتەی ناوەندی حزب بەوریایی زۆرەوە لەمەسەلی ژنان بڕوانێ و زۆر چالاکانە کاری لەسەر بکات، دەبێ کۆمیسێۆنی ژنان بەتایبەتی لەگشت ڕیکخراو وئۆرگانەکانی حزبدا دابمەزرێنرێ و چالکترین ڕیکخەرو ئەندامانو کادرانی حزبی بۆ تەرخان بکرێ و بکرێنە ڕیکخەر وسازدەری کۆمیسیۆنەکانی ژنان". بەدوای ئەم قسانەدا کۆنفڕانس بڕیاری دەرکرد بۆکاری چالاک لەخەباتی ڕزگاری ژناندا وهەروەها بڕیار دەرچوو کەئەم کارە لەکارە بنەڕەتیەکانی حزبە. لەساڵەکانی سەرەتای نیپدا ژنان ڕووبەڕووی بێکاری بوونەوە. لەمشەپۆلەدا هەندێک لەڕیکخراوو ئۆرگانەکانی

حزب کەوتنە دژایەتی کردنی کاری ژنان لەسیاسەتدا وداوای هەڵوەشانەوەی ژینۆتدیڵیان دەکرد.
لەکۆنفڕانسی 11دا کەلەساڵی 922 بەسترا دەنگی ناڕەزایەتی بەرزبوەوە لەلایەن نوێنەرانی ژینۆتدیڵەوە، چونکە بۆکۆبوونەوەی باڵای سەرانی کۆمیتەی ناوەندی بانگهێشت نەکرابوون وداوایان لێکردبوون کەجارێ چاوەڕێبن، تاکاتی قسەوباس لەسەر مەسەلەی ژنان دێت. سمیدڤیچ، کەئەوکات سکرتێری یەکەمی ژینۆتدیڵبو، لەکۆنفڕانسەکەدا ووتی" دەبێ ژینۆتدیڵ یان هەڵوەشێتەوە وەیان پشتگیری تەواوی بکرێ". لەکۆنفڕانسی 12دا کەلەساڵی 823 بەسترا باس لەو گیروگرفتانەکرا کەبەهۆی نیپەوە (سیاسەتی ئابووری نوێ)، ڕووبەڕووی ژنان بۆتەوە وکۆنفڕانس داوای کرد کە ئۆرگانەکانی حزب وکۆمیتەی ناوەندی چالاکانەترو سیاسی تر لەگەڵ سکرتاریەت وبەشەکانی تری ژینۆتدیڵدا هەڵسوکەوتبکات، چونکە بۆچوونی جیاکردنەوەی ژنانو پیاوان، لەبەشەکانی حزبدا سەری هەڵداوە. هەروەها کۆنفڕانس پشتگیری تەوای خۆی لەکارەکانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.
نمونەی ئەوگیروگرفتانەی ڕووبەڕووی هەڵسووڕاوان وڕێکخەرانی ژینۆتدیڵ دەبووەوە لەبیرەوەریەکانی یەکێک لەهەڵسوڕاوانی ژناندا خۆی نیشانداوە ودەڵێت" هەرچی کاری ناوژنانی کارگەکانمان بوو لەسەر شانی ئەندامەکانی ژینۆتدیڵ دەچون بەڕێوە، کۆمیتەی کارگە هیچ جۆرە مەسەلەیەکی تایبەت بەژنانی نەدەخستە بەرنامەی کارو کۆبونەوەکانی خۆیەوە. کەئێمەی ژنان دەچووین بۆکۆبوونەوە پێان دەوتین، بابزانین نەنکمان چی هەیە پێمان بڵێت!.. لەبەرئەوە ژنان دەترسان ڕازی دڵی خۆیان لەم کۆبوونەوانەدا دەربڕنو ئێمەش بەناچاری کۆبوونەوەی تایبەتمان بەخۆمان سازدەکرد". ئەم هەڵسووڕاوە ڕای وایە کەکۆبوونەوە تایبەتیەکانی ژنانی کارگە سودی ئەوەیان هەبوو کەئەندامان بۆ حزبو ژینۆتدیڵ زیاد بکات، بەلام "ئێمە وئەوان" لەنیوان ژانو پیاوانی کرێکاردا دروستبکات. بۆیە بڕیارێک دەرچوو لەلایەن یەکیەتیە کریکاریەکانەوە کە ئیتر کاری ژنان لەئەستۆی کۆمیتەکانی کارگەیە، ئەم کۆمیتانە دەبێ قسەوباس وکاری چالاک لەسەر مەسەلەی ژنان لەئەستۆ بگرن. بەمە ژنان وردەوورده بەرەولای کۆمیتەکان و یەکیەتیە کرێکاریەکان هاتن. دیارە ئەم دۆخە لەشوورا ناوچەییەکانیشدا هەربەم شێوەیە دەچوە پێشیوە.

## کۆتایی ژینۆتدیڵ:

ژینۆتدیڵ لەکۆنفڕانسی 16ی حزبداکەلەحوزەیرانی 1930دا بەسترا بەڕەسمی هەڵوەشێنرایەوە. ساڵی 929 سکرتاریەتی حزب پلانی بە پیشەسازی کردنو کۆماکردنی سەرماییەی پەسەند کرد. بە بۆچوونی زۆربەی ڕابەران لەم ساڵدا ئەم پلانە ئەرکی زۆر گەورەتری لەچاو ژینۆتدیڵدا لەسەر شانی حزب دانابوو. بۆچوونیان وابوو کە ژینۆتیدیڵ لەوەزیاتر دەزگایەک نییە بۆبەرەوپێشچوونی مەسەلەکانی ژنان، بەڵکو بەربەستەیەتی. هەربۆیە بۆلشەفیکەکان باسیان لەوەکرد کە"ئەو هۆکارو زەمینانەی کەپێویستبوونی ژینۆتدیلیان دەسەلماند ، ئێستا نەماون، سەرەڕای گرنگی ئەوکارانەی کەپێی هەستا وبەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەژنان ڕزگاربوون. ئیتر پێویست بەئۆرگانی تایبەت بەژنان ناکات وحزب بەڕێزەوە هەموو کارەکانی ژینۆتیدڵ چاولێدەکات".
پرێشۆفیا کۆدیلی، یەکێک لەنوسەرانی ڕۆژنامەی ڕابۆتنیشا دەڵێ"لەگەڵ ئەوەش دا ژنانی کرێکار لەبیناکردنی ئابووری نویدا، دەورێکی گەورەیان بینی، هیچ لەوبەڵێن وهیوایانەیان نەدی کەپێیان درابوو، ژنانێک کەبۆ بەیەکەوە گرێدانی کار، کاری ناوماڵ وهەڵسورانی سیاسی زەحمەتی زۆریان کێشا، کەچی هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆیان بۆخۆیان نەبوو".

## ژینۆتدیڵ لەدواییدا:

ژینۆتدیڵ بەبڕیاری حزب بەتەواوی لەناو نەچوو، تاساڵی 924یش لەگشت ڕووسیادا کۆبوونەوە وکاری خۆیان درێژە پێدا. لەشوێنەکانی تری سۆڤیەتدا(یانی دەرەوەی کۆماری ڕووسیادا) تا ساڵانی پەنجاکانیش هەڵسوراوانی ژینۆتدیڵ کاری خۆیان هەردەکرد. بەڵام کەمتر لەچاوجاراندا. ڕۆژی جیهانی ژنان، کۆبوونەوەی ڕۆشنگەری وپیشەیی، لەو چالاکیانەبوون کەدەیانکرد. ڕۆژنامەی ڕابۆتنیتشا تاساڵی 934 بەردەوام بوو. ئەوکارانەی کەمانەوە وزۆر بەتوندی بەحزبو دەولەتەوە گرێدران. بۆنمونە ڕۆژی جیهانی ژن لەساڵی 930دا بەدروشمی" لە100% کۆماکردن" تایبەتکرا. ڕیکخراوە ناوچەییەکان خەریکی ڕونکردنەوەی ئاسۆکانی حزب وهاندانی ژنان بوون بۆ پشتگیری کردنی پلانی پێنج ساڵە. دوای 930 چادرو یانە سوورەکان پیاوانیشیان لەخۆ گرت وئەرکی سەرەکیان ببوە فێرکردنی کارو پیشە، کۆبوونەوەی نێردراوەکان لەبنەرەتەوە گۆڕدران بە"کۆنفڕانسی بەرهەم هێنەران"ی ژنان.

**بەشی چوارەم**

## خەبات لەدژی لەشفرۆشی:

**سۆڤیەت لەسالانی 1917 بۆ 1932:**

نەهێشتنی پیشەو خووی لەشفرۆشی یەکێک لەئامانجەکانی شۆڕشی بۆلشەفیکەکان بوو. ئەم دیاردەیە لەڕەوتی بارودۆخی ئابوری وهەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، چەندین شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرت. سەرکەوتنی گەورەش لەم بوارەدا بەدەست هات. ئەمەش بەدوای گرتنەبەری میتۆد وڕیگای جۆراوجۆرەوە لەلایەن بۆلشەفیکەکانەوە بەدەستهات، هەرچەندە نەتونرا ئەم دیاردەیە بەتەواوی لەناوببرێ.

## زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی دیاردەی لەشفرۆشێ:

بۆلشەفیکەکان لەشفرۆشیان وەک بەرئەنجامێکی چەوسانەوەی ئابوری وکۆمەڵایەتی دەبینی. ئەوانەی کە خەریکی کاری لەشفرۆشی بوون، کرێکاری برسی وبێکاربوون وژیانێکی بێدەرەتانیان ڕووبەڕوو بووەوە. بناغەی ئەم بۆچونەش لەم سەرچاوانەدا بەڕۆشنی خۆیان دەردەخەن:

ئەنگلس"سەرچاوەی خێزان، موڵکایەتی تیبەتتی ودەولەت"، بیبل"ژنان وسۆسیالیزم"، لێنین"کۆنفرانسی پێنجەمی ئەنتەرناسیونال لەدژی لەشفرۆشی1913"، کلارا زکیتین" یادگاریەکانم لەسەر لێنین"، چەندین نوسراوەی ئەلێکسندرا کۆلۆنتای".

ئەنگلس لەلێکۆلێنەوەی پەرەگرتنی بەرەبەرەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا توانی مەترسی بازاڕی لەشفرۆشی وەک ئەنجامێک ببینێتەوە بیبەستێتەوە بە بەرهەم هێنانی کاڵایی سەرمایەو ژن هێنان"زەواج"ی سەردەمی بۆرژوازیەوە. ئەنگلس دەڵێ:"ئێستا لەشۆڕشی سۆسیالیستی نزیک دەبینەوە کەتێیدا گشت زەمینە ئابوریەکانی تائێستای ژن ومێردایەتی لەناو دەچێ، هەروەک چۆن پاشکۆکەشی لەناو دەچێ کەلەشفرۆشیە".

بیبل دەڵێ"لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا یەک دامەزراوەیە، وەک گشت دامەزاروەکانی تری سەرمایەداری وەک پۆلیس، سوپاو کلێسا. کاری سەرمایەداری وەک گشت کارە شەرمەزاریەکانی تری، کاری لەشفرۆشی کۆمەلایەتی دەهێڵێتەوە وسیستەمی چاودێریکردنی پۆلیش بەسەر ئەم لەشفرۆشیەوە ڕادەگرێ".

لێنین مەسەلەی لەشفرۆشی بەکورتی بەم شێوەیە باس دەکات:" لەشفرۆشێ لەلایەن ئەرستۆکراتیەت وچینی بۆرژوازیەوە پشتگیری لێدەکرێ". هەروەها دەڵێ"لەشفرۆشان قوربانیانی دوو لایەنەی کۆمەڵگای پڕکینەی بۆرژوازین، لەلایەکەوە قوربانین بۆ سیستەمی پڕ کینەی موڵکایەتی ولەلایەکیترەوە قوربانی سیستەمەڕەوشتیە دوڕوییەکەن". لەوچەند ساڵەی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دۆخەکە زۆر لەباربوو بۆبڵاوبوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشی. تەنانەت خەریکبوودەبوو بەشتێکی باو. ئەم دووڕوویيە ڕەوشتیەش بەتەواوی لێنینی بێزار کردبوو. بەڕای لێنین ئەم دۆخەش دوو میتۆد لەپشتیانەوە بوو، ئەوانیش دینو پۆلیسن. لێنین لەبارەی ئەم دوو ڕوویە ڕەوشتیەوە دەڵێت"ئەکرۆپاتەکانی مەیدانی بەشەردۆستی وپۆلیس دوو پارێزەری گاڵتەجاڕی هەژارین".

هەروەها لێنین سەرزەنشتی زیتکینی دەکرد کەدژی هاوڕی کۆمۆنیستە ئەڵمانیەکان نییە، کەئەوان چاوەڕیی ئەوەبوون کەبە گشتی لەشفرۆشان وەک یەک توێژی شۆڕشگێڕ دەرکەون وڕۆژنامەیەکیشیان بۆدەردەکردن". لێنین بەمەی دەگوت "لادانێکی نەخۆش". کەلەکاتێکدا لەبەزەیی کۆمەلایەتیەوە ولەتوڕەیی لەبەرامبەر ئەو دوڕویە ڕەوشتیەوە ئەنجام وەردەگرێ ولەکۆتایشدا لەیەک ڕەوشتی ئەدەبی واوەتر ناڕواو هەر ژنێکی لەشفرۆشیش دەکاتە "مریەم"ێک.

بابزانین کۆڵنتای لەمبارەوە دەڵیت چێ؟. ئەو بۆچونێکی جیاوازی هەبوو، زیاتر لەبارەدەرونیەکەیەوە قسەی دەکرد. پێناسەی کۆڵنتای بۆ دیاردەی لەشفرۆشی ئەوەبوو کە"لەشفرۆشی خۆشەویستی لەناو دڵی مرۆڤدا دەخنکێنێ. لەسەر جێخەوێکی پیس خۆشەویستی ناوێرێ بمێنێتەوە". کۆلۆنتای وابیری دەکردەوە کەلەگەڵ ئازادکردنی ژنان لەپەیوەندیەکانی  موڵکایەتی بۆرژوازی وتێکەڵبوونیان بەهێزی کارەوە، گۆڕین ودوبارە شکڵ پێدانەوەی دەرونی مرۆڤ پێویستە. کۆڵنتای لەشفرۆشی نەدەبەستەوە بەخێزانی بۆرژوازیەوە. بەڵکو دەیوت لەشفرۆشی ئەنجامێکی بۆگەنی زەماوەندێکە کەهەردووڵاوەک یەک بەیەک رازی نین. لەشفرۆشی زیان بەهەموو ژنان دەگەیەنێ. "پیاوانێک کەتاقیکردنەوەیان نییە وترسیان هەیە، لەگەڵ ژنانێکی لەسفرۆشدا بمیننەوە، بوواری ئەوەبەخۆیان نادەن گوێ بەتاقیکردنەوەی ژن لەوکارەدا بدەن". لەشفرۆشی زیان بەپیاوانیش دەگەیەنێ. کۆلنتای لەمبارەوە دەڵی" ئەنجامەکانی لەسفرۆشی بیروهۆشمان دەشێوێنێ ووامان لێدەکات لەجدیترین ساتی ژیانماندا، کەساتەکانی خۆشەویستیە، لەم بەیەک گەیشتن وڕیکەوتنە مەزنەی سۆزی مرۆڤدا، شتێکی عەیب، نزم، ڕق وئاژەڵی ببینین وهەستی پێبکەین".

هەروەها کۆلنتای لەکتێبی"قەیرانە سێکسیەکان-ساڵی 1911"دا دەڵێت"ژنی ئاسایی لەبەیەک گەیشتنی سێکسیدا تەواو بوون(تەکامول) وهارمۆنیا هەست پێدەکات، لەکاتێکدا پیاوەکە ئەگەر لەسەر پەیوەندی بەلەشفرۆشەوە بارهاتبێ، کەهەرچی کاردانەوە ناسکەکانی خۆشەویستی هەیە دەیانکوژێ، ئەم پیاوە تەنها بەدوای لادانە سوکەکانی خۆیەوە دەبێ. بەمەش هەستی برسێتی دەرونی وناتەواوی لەلای هەردوولا جێدەمێنێ".

لەگشت کاتێکدا دیاردەی لەشفرۆشی مەسەلەیەکی ئاڵۆز بووە. بەشێوەیەکی گشتی لەلای بۆلشەفیکەکان ئەم مەسەلەیە بەدۆخێکی نائاسایی کۆمەلایەتی پێناسەکراوە، وەک هەژاری، گیرۆدەبوون بەخواردنەوەی مەی ومادە ئەلکحولیەکان وتاوان کەلە پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی سەرمایەداریدا ولەنایەکسان بوونی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە هیوای زۆریان بەلەناوبردنی هەبوو. لێنین چارەسەری ئەم مەسەلەیەی زۆر بەئاسانی نەدەدی، هەربۆیە لەوبارەوە دەڵێ"مەسەلەی لەسفرۆشی دەبێتە گیروگرفتێکی گەورە بۆمان. ژنی لەشفرۆش بخەنەوە ناوهێزی کار، لەناوئابوری کۆمەلایەتیدا جێگای بدەنێ. بەلام لەم ولاتەی ئێمەدا وبەم دۆخە ئابوریەوە کەهەمانە، ئەم مەسەلەیە هەروا ئاسان چارەسەر ناکرێ". قسەکانی لێنین پێشبینی کەربوون.

## لەشفرۆشی بەرلەشۆڕشی ئۆکتۆبەر:

لەڕوسیای قەیسەریدا لەشفرۆشی لەگشت ولاتەکانی تری ئەوروپا باوتربوو. لەلایەن دەوڵەت وکڵێساوە، ئەودامەزراوەیە ئازاد بوو. ئەم قسەیە لەوانەیە سەیر بێتە بەرچاو، بەلام یەکێک لەوگەشتیارانەی کەباسی مۆسکۆی ئەوکاتە دەکات. دەڵێ"ماڵی لەسفرۆشتنی تازە لەلایەن ئەفسەری پۆلیسەوە دەکرایەوە ویەکێک لەکەشیشە ڕەسمیەکانی کلێسای ئەرسەدۆکس موبارەکی دەکرد". ئەم ماڵانە لەلایەن پۆلیسەوە ڕێیان پێدەدرا، ژنانی لەشفرۆشیش پێناسنامەی زەردیان هەبوو بەشێوەیەکی دەوری پشکنینی پزیشکیان بۆدەکرا. شوێنی تایبەت بۆ ئەفسەرەکانی قەیسەر دامەزرێندرابوو، کەپێیان دەوت"ماڵی حەوانەوە یان ماڵی چاکبوونەوە" ولەلایەن پۆلیسەوە دەپارێزران. کچانی لەشفرۆش کەلەوجێگا ڕەسمیانەدا کاریاندەکرد، پیشەیی بوون. بەلام هەژارەکانیان کەلەسەر جادەدەسوڕانەوە، دەگیرانو لێیان دەدرا وزیندانیان دەکردن. وایان لێدەکردن بچن لەوشوێنە ڕەسمیانەدا کاربکەن. کارتی زەرد ئەم ژنانەی والێکردبوو کەنەیاندەتوانی کارێکیتر بۆژیان بدۆزنەوە. تەنها بەیەک مەرج وازیان لێدەهێنان ئەگەر بەتەواوی نەخۆش بوونایەو پزیشک مۆڵەتی کارکردنی لێبسەندنایەتەوە.

ڤانیا هالی، لەکتێبی"ژنان لەیەکیەتی سۆڤیەتدا"دەڵێت" بەپێی سەرژمێری ڕەسمی ساڵەکانی 1897 تا جەنگی جیهانی یەکەم چوارلەسەر پێنجی ژنان لەشفرۆشبوون وبەهۆی هەژاریەوە دەستیان دابوە ئەم کارە وتەنها 8.4%ی ژنان بەکاری خۆیان دەژیان. ژنانی کارخانەکان تەنها نیوەی کرێی پیاوانیان وەردەگرت بەڵام بەهۆی بەرزی هوشیاری چینایەتی ئەم بەشەی ژنانەوە، لەچاوبەشەکانی وەک خزمەتکاران، خەیاتەکان.. هیتر، زیاتر بەرگریان لەلەشفرۆشی

دەکرت. لەناو ئەوژنانەشدا کەکرێکاربوون وگیرۆدەی لەشفرۆشی بوبوون، زۆربەیان ژنانی ئەو کارگەو کارخانانەبوون کەکرێیەکی یەکجار کەمیان وەردەگرت".

لەشفرۆشی ونەخۆشیە سێکسیەکان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر سەرسوڕهێنەر زیادی کرد بەهۆی قەیرانی ئابوری ودۆخی جەنگەوە ژمارەی بێوەژن زیادی کرد، هەروەها کۆچی لادی بۆشارەکان وجیابوونەوەی ژنو میردەکانیان بەرەو سەرەوە چوو. هەروەها گیروگرفتێکی زۆر جدیتریش سەری هەڵدا، ئەویش منداڵانی بێسەرپەرشت بوو، کەدەستیان دەدایە لەشفرۆشی تالەم ڕێگایەوە بژێوی خۆیان دابین بکەن.

نەهێشتنی لەشفرۆشی یاسایی، یەکێک لەئامانجە گرنگەکانی کۆنفرانسەکانی ژنانی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیابوو، بەڕیبەری کۆڵنتای وئەنیسیا ئارماند. هەروەها هەمیشە قسەوباسیان روبەڕووی ژنانی کرێکار دەکردەوە کەنەکەونە داوی لەشفرۆشیەوە. لەدوای شۆڕشی شوبات حکومەتی کرینسکی کارتی زەردی هەڵوەشاندەوە، بەلام هیچ هەنگاوێکی بۆیارمەتی دانی قوربانیانی ئەم دۆخەی کەژنانی تێکەوتبوو هەڵنەگرت. بۆیە ئەم کارەش بێئاکام مایەوە. لەبارەی مۆسکۆ لەم سەردەمانادا دەگێڕنەوە" ژنانی زۆر کەمتەمەن بەملوانکەو دەموچاوی ئارایشتکراوەوە بەجادەکاندا دەهاتنو دەچوون وقاوەخانەو گازینۆکانیان پرکردبوو. هەرچەندە زۆربەی ماڵەکانی لەشفرۆشی لەلایەن خەڵک وکۆمیتەکانیانەوە دەداخران وئەم ژنانە دەبران بۆ ئۆردوگای کارکردن وەک زیندانی. بەلام لەشفرۆشی کۆتایی نەهات"

## شۆڕشی ئۆکتۆبەر وجەنگی ناوخۆ 19171تا 1932:

بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەوەدەچوو پیشەی لەشفرۆشیی لەسەرجادەکان نەمابێت. ئەمە بەتەواوی ڕاست نییە. بەلام لەکاتی جەنگی ناوخۆدا، لەشفرۆشی زۆر کەم بووەوە. بەتایبەتی کاتێک کەدەوڵەتی شورایی کەوتە خۆماڵی کردنی ئوتێلەکان، قاوەخانەکان، سالۆنەکانی دانس وحەمامەکان و... هیتر ئابوریەکی بێپارەی (خۆرایی) دامەزراند ودەست برا بۆ خەبات لەدژی خواردنەوەی مادە کحولیەکان، کەهۆکارێک بوون بۆ پەیداکردنی پارە بۆ لەشفرۆشان. بۆلشەفیکەکان یەکسەر کۆنترۆڵو فشاری پۆلیسیان لەسەر لەشفرۆشی هەڵگرت وهەڵسوکەوتی دەسەلاتی تازە لەگەڵ لەشفرۆشاندا تەواو جیاواز بوو. لەوەدەچوو لەشفرۆشتن بەتەواوی نەمابێ بەلام هێشتا کەسانێکی لەشفرۆشی بێدەرەتان وبێکار لەبەردەم پێڕاگەیشتنی هاوکاریو دەستگیرۆیدا مابوون. یەکەمین کۆنگرەی ژنانی کرێکارو جوتیاری سەراسەری ڕوسیا ساڵی 1918 باسی لەوەکرد کەژنی ڕوسی وەک هاوڵاتیەکی ئازاد ویەکسان نابێ لەوە زیاتر ببێتە مادەیەک بۆ لەشفرۆشی. ساڵی 1919 کۆڵنتای هەوڵی زۆریدا لەپێکهێنانی کۆمیسیۆنی وابەستەکردنی لەشفرۆشی بەبەشی نەخۆشیە زوهریەکانی سەربە وەزارەتی تەندروستیەوە، چونکە لەڕاستیدا زۆربەی ژنانی لەشفرۆش بەنەخۆشی زوهری یان نەخۆشی سیل گرفتاردەبوون. ئەم کۆمیسیۆنە کارەکانی توشی گیروگرفتی گەورەهات. بەلام لەساڵی 1920دا کۆمیسیۆنێکیتر لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی خۆشگوزەرانی گشتیدا وبەڕابەری کۆلنتای دامەزرینرا. کتێبی "لەشفرۆشیو چۆنیەتی خەبات لەدژی" کۆڵنتای بۆچوونە گشتیەکانی کاری ئەم کۆمیسیۆنەی ڕونکردۆتەوەو هانی ژنانی توشبوو بەلەشفرۆشی دەدا کەبخوێنن و حکومەتیش هاوکاریان بکات لەبەدەستهێنانی کاردا. تەنانەت ئەگەر نەخۆش بکەوتنایە دەبران بۆچارەسەری خۆڕایی. تەنیا ئەگەر ژنێک چەندین جار بەکاری لەشفرۆشیەوە دەستگیربکرایە دەیانارد بۆئۆردوگای کاری زۆرە ملێ. کۆڵنتای دەڵێ" باهیچ پێوانەیەکی تایبەتیمان نەبێ ولەشفرۆشی پیشەیی دەبێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کەلەکار ڕادەکەن وناتوانن ببنە کەسانی بەرهەمهێن لەناوکۆمەڵدا، بەیەکەوە دادگایی بکرێن. هەروەها دەلالانی لەشفرۆشی سزای توندیان لەسەر دانرا. ئەندامانی ژینۆتدیلێش کۆبوونەوەیان بەژنانی سەرجادە دەکرد تایارمەتیان بدەن ولەدۆزینەوەی کار وچارەسەری پزیشکیدا دەستیان بگرن. هەروەها بۆبەرزکردنەوەی ڕێز لەخۆنواندنی ژنانی لەشفرۆشو گێرانەوەی ئیعتبار بۆیان، کەمپینی فراوان لەکۆمەڵگادا بەڕێخرا.

لەم ماوەیەدا هەرئەوەندەکرا دوای تەواوبوونی جەنگی ناوخۆ کۆمیسیۆنەکە هەڵوەشایەوە ولەشفرۆشی دەستی بەزیاد بوونەوەکرد، چونکە دۆخێکی تازە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕوی کردە ڕوسیا. ..

### بەشی پێنجەم

## لەشفرۆشی لەسەردەمی نیپ دا:

## 1922بۆ 1928

دیاردەی لەشفرۆشی لەڕوسیای سالانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی نوێی ئابوری"نیپ"دا، دوبارە دەستی بەپەرەسەندن کردەوە. لەم سالانەدا ژنان لەسەر کارەکانیان دەردەکران وپارە سەرلەنوێ کەوتەوە گەڕ، هەروەها ئەو خەباتو هەوڵانەی کەلەدژی ئەلکهولیزم کەتبوە ڕێ ڕاوەستاو دووبارە هۆڵەکانی دانس ومەیخانە ودوکانەکانی مەیفرۆشی کرانەوەو خەڵکی بیانی بۆ گەشتو گوزار ڕویان لەڕوسیا کرد. لەپاڵ ئەمانەشدا کێشەی خانوبەرەو شوێنی نیشتەجێ بوون سەری هەڵدا.. هەموو ئەمانە پێکەوە زەمینەکانی پەرەگرتنەوەی دووبارەی دیاردەی لەشفرۆشیان بەکەمێک جیاوازیەوە خۆشکردەوە. لەم سالانەدا لەشفرۆشی وەک نیوەکار(بەشێک لەکاری ڕۆژانە-پارتایم) لەنێو ژنانی هەژاردا بووە باو، ژنانی کرێکار بۆ پاڵپشتی کردن لەئاستی دەرامەتی کەم و کرێکانیان، هاوکات بەهۆی چونەسەرەوەی پێداویستیەکانی بژێوی ڕۆژانە وئارەزوەکانیانەوە بەناچاری ڕویان لەکاری لەشفرۆشی دەکرد. بەجۆرێک ئەم دیاردەیە وەک پیشەیەک لەجادەو شەقامەکانەوە گوێزرایەوە بۆ شوێنە شاراوەکان. بۆنمونە ئوتێل و ئەو شوێنانەی خەڵکی گەشتیار تیادا دەحەوانەوە، بەتەواوی کۆنترۆڵیان لەسەر لابرا. ڕۆژنامە نوسی ئەمریکی "لویس بریانت" لەم بارەوە نوسیویەتی:"لەشفرۆشی لەلایەن کرێکارانی ڕوسیاوە لەپێناو بەدەستهێنانی بۆنمونە جوتێک پوتی درێژ، یان لەلایەن دایکو ئەوجوتیارانەوە ئەنجام دەدرا کەخۆیان بۆ لێپرسراوی دابەشکردنی خۆراک شل دەکەن تا بتوانن کیسێک ئاردی زیادە بۆ منالەکانیان بەرنەوە، هەندی جار کچانی کرێکار خۆیان بۆ چاودێرەکانی کار شل دەکرد، نەک لەپێناو بەدەست هێنانی ماددەدا، بەڵکو بۆ بەرزبوونەوەی پلەوپایە لەکاردا". سەرژمێری سەر سوڕهێنەر لەم بارەوە لەئارادایە، ساڵی 1926 سەرژمێرێک ئاماژە بەوەدەکات کەئەم دیاردانە هەرلەلایەن پاشماوەکانی چینی بۆرژوازی و لێپرسراوانی "نیپ"ەوە ئەنجام نادرێ، بەڵکو لەلایەن کرێکارانی پیاویشەوە دەستی بۆ براوە،

بەتایبەتی پیاوانێک کەڕیژەی کرێکانیان گونجاوە بۆئەم جۆرەکارانە، بۆنمونە لەناو کرێکارانی ناکارامەدا کە کرێکانیان نزمە بەڕیژەی 29.6% خەریکی ئەم کارەبوون، بەلام کرێکارانی میتاڵ کە کرێکانیان بەرزە لە46.9% کەسیان خەریکی ئەم جۆرە کارانەبوون. بەم جۆرە پێویستی دەستبردن بۆ ڕیگاچارەیەک هاتە پێشەوە".

ساڵی 1922 شورای باڵا بۆ خەبات لەدژی لەشفرۆشی دامەزرا، کەوابەستەبوو بەوەزارەتی ناوخۆوە. بەم هەنگاوەش جەنگ لەدژی لەشفرۆشی دەستی پێکرد. بەشێوەیەک کەوەک ڤانیا هالی دەڵێت:"لەژێر هیچ بۆنەو هۆیەکدا نابێ ئەم جەنگە ببێتە جەنگ لەدژی ژنانی لەشفرۆش". لەوەدەچێت ئەم فۆمۆڵەیە هی کۆڵنتای بێت. حکومەت ڕایگەیاند کەوەزعیەتی کۆمەڵایەتی گۆڕدراوە ودەبێ بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. هالی هەروەها دەڵی:"چونکە بێکاری لەپێشدا یەخەی ژنانی گرت وبەم هۆیەشەوە لەشفرۆشی لەنیویاندا پەرەی سەند. ئێستا نابێ ئەم مەسەلەیە وەک کۆمۆنیزمی جەنگی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بەوەی کەسزای لەش فرۆش بەکاری زۆرە ملێ بدەین، لەم کاتی بێکاریەدا. ئەمە ئێستا کارێکی هەڵەیە.. ئەگەر حکومەت نەتوانێ کاری گونجاو بۆ هەموو ژنان دابین بکات، ناتوانێ لەسەر ئەوەی خۆیان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەردا دەگەڕێن، سزایان بدات. ئەگەر چی ئەم چارەیە زۆرجار فرۆشتنی لەشی خۆیانە لەبازاڕدا". پۆلیس فێرکران کەزۆر بەڕێزەوە مامەلەی ئەو ژنانە بکەن وبەهیچ جۆرێک بێحورمەتیان پێنەکەن.

ئامانجی کۆمیسیۆنەکە دوو کاربوو: ڕێگرتن ودووبارە ئیعتبار بۆ پەیداکردنەوە. بەشی نەخۆشیە سێکسیەکانی تەندروستی گشتی ئامانجەکانی خۆی بەوە ڕونکردەوە:"پاراستنی ژنان لەوەی لەسەرکار دەربکرێن، هەوڵدان بۆخستنەوە سەرکاریان. مەشق پێکردنی ژنانی ناکارامە وفێرکردنیان، کردنەوەی شوێنی تایبەت وپەناگا بۆژنانو کچانی بێلانە وپێکهێنانی کاری خزمەتگوزاری بۆ منالانی بێکەس وهەروەها زیادکردنی پروپاگەندە لەدژی لەشفرۆشی وەک خورەوشتێکی ناسۆسیالیستی". پروپاگەندەی زۆر گاریگەر بەرپاکران بەهۆی نوێنەرانی ژنانەوە کەبۆدەرەوەی شارەکان دەچوون. هەروەها بەهۆی ئەو شانۆیانەوە کەتەندروستی گشتیو کارخانەو گەڕەک ویانەو لەناو سوپادا پێشکەش دەکران. هەڵمەتی گەورەکرا بۆدوبارە فێرکردن وپەروەردە کردنی پیاوان وژنان. هەندێ کاری تریش خرانە پاڵ ئەمکارانە. لەوانە: چاودێری توند لەسەر ئەو شوێنانەی بوار بەم پیشەیە دەدەن ولەناوبردنی ئەو شوێنانەش کەبۆ لەشفرۆشی تەرخان دەکران. بۆنمونە لەساڵی 1924 بۆ 1925، ژمارەی 2228 شوێنی تایبەت بەوکارە ڕوخێندران. (خوشکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی) وەیان (کرێکارانی کۆمەلایەتی) خەریکی چاودێری کردنی ئیستگاکانی شەمەندەنەفەر و چەند جێگایەکی تربوون کەگومانی کاری لەشفرۆشیان لێدەکرا. تاکچان، بەتایبەتی کچانی لادێ بپارێزن لەوەی کەبەوکارە فێربکرێن. ڕۆژانی دژی لەشفرۆشی وهەفتەکانی دژی لەشفرۆشێ لەتەواوی یەکیەتی سۆڤیەتدا بەرپاکران وسەرەنجام کۆمەڵگا لەدژی ئەم دیاردەیە هەڵخرێنرا.

یاسای تازە بەیاساکانی تاوان زیاد کرا. کەخۆیان یاسای توندیان لەدژی دەستدرێژی سێکسی (ئیغتساب) وبلاوکردنەوەی نەخۆشیە سێکسیەکانی تیابوو. ئەم یاسا تازانە بریتی بوون لە:

یەکەم: پەلاماردانی ژنانی لەسەرکار، یان شووکردوو. سزاکەی بە3 ساڵ زیندانی دیاری کرا.

دووەم: بارهێنانی فیزیکی یان دەروونی بۆ فێربوونی لەشفرۆشی. سزاکەی بەزیندانی تەنیایی زیاتر لە3ساڵ دیاریکرا.

سێهەم: کردنەوە یان دامەزراندنی شوێنی لەشفرۆشی. سزاکەی بەزیندانی 3ساڵ و دەستبەسەردا گرتنی هەموو موولکەکە، دیاری کرا.

چوارەم: بەزۆر فێرکردنی کچان یان ژنانی لەسەرکار. سزاکەی بە5 ساڵ دانرا.

هەروەها تاکتیکێکی دادگاییە جەماوەریەکان بەفراوانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دەلاڵەکانی لەشفرۆشی بەتوندی لەم دادگایانەدا سزا دەدران وپیاوەکانیان بەتاوانی کۆمەڵایەتی لەدژی ژنان دەستگیر دەکران. بەڵام ژنانی لەشفرۆش لەهەموو حاڵەتێکدا بەبەزەییەوە وەک قوربانی مامەڵە دەکران.

**ڕێگە پێگرتن(منع):**

بەرجەستەترین و بەرچاوترینی ئەو هەنگاوانەی کەدووبارە ئیعتباریان بۆ ژنانی لەشفرۆش دەگێڕایەوە، ئەو بنکانەبوون کەلەزۆربەی شارو شارۆچکەکاندا کرابوونەوە، بۆ چاکسازی لەژیانی ژنانی لەشفرۆشدا وپێشگرتن بەپەرەگرتنی لەشفرۆشی. ئەم بنکانە بنکەی تەندروستی و ڕاهێنان بوون. هەروەها ماڵ بوون بۆئەو ژنانەی گیرۆدەی ئەم دیاردەیە بوبوون. سەرژمێری تەوا وبۆئەم بنکانە

لەئارادا نییە بەڵام ژمارەیان کەم نەبووە، بۆنمونە لەمۆسکۆ تەنها 5 بنکە هەبووە وکاتێکیش ژنانی لادێکانیان دەگرتە خۆ کەجێگایان ببوایەتەوە. هەروەها کچانی هەرزەکار لەخانەی منالاّندا دادەنران وهەمان مامەڵەی ئەوبنکانەیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام زیاتر فێردەکران و ڕادەهێنران ودەیان خوێند، هەروەک بنکەکانی تری چارەسەرکردن. ئەم بنکانە نمونەی میتۆدی سۆسیالیستی بوون و خەڵک لەدەرەوە سەردانیان دەکردن. لەمبارەوە سێ ژنی پسپۆری کۆمەڵناسی ئەمریکایی کە"ڤانیا هالی وئێلا وێتەر وئالیسفیلد"بوون، سەردانی بنکەکانی مۆسکۆیان کرد وبەم شێوەیە باسیان دەکەن:

"لەکاتێکدا چوون بۆئەم بنکانە ئارەزوومەندانە بوو، بەڵام سوپای سور ومیلیشیاکان، لەسەر جادەوە ژنانیان بۆدەهێنا. ئەم ژنانە زۆر بەنەرمی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا ودوای دەرچونیشیان لەبنکەکان چاودێریان لێدەکرا. زۆربەی ئەندامانی ئەم بنکانە جوتیارو نەخوێندەوار وبێکاری زیاتر لەیەک ساڵ، وەیا هەمیشەیی، وەیا بێهاوسەر بوون. هەروەها ئەو ژنانەی دەهێنران بۆئەم بنکانە تەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 25 ساڵ وزۆرتر بێ منالّ وتوشبوو بەنەخۆشیە سێکسیەکان گرفتار بوون. (ئەگەر منالّیان هەبوایە ئەوا لێیان دەسێنرا وەیان تەسلیمی کەسوکاری ئەم ژنانە دەکرانو دەخرانە ژێر چاودێریەوە). هەروەها ئەم ژنانە بۆکاری کارخانە وپیشە دەستیەکان باردەهێنران وەیان بەدروستکردنی شتومەکی سادەوە خەریک دەکران وکرێی کرێکاری ناو نقابەیان پێدەدان وهەقی خواردن وشوێنی خەوتنیان لێوەردەگیرا. هەموو ئەم هەنگاوانەش بۆئەوەبوو تا فێری سەربەخۆیی ولێپرسراوێتی ببن. ئازادبوون لەژیانی تایبەتیانداو کەس ڕێگای ئەوەی لێنەدەگرتن کەلەگەڵ پیاواندا تێکەڵاوبن. بەم جۆرەش ووشەی لەشفرۆشی قەدەغەکرا وبەهاوڕێ بانگەکران وگشت کارێکیتر دەکرا تاخۆیان وەک کرێکارو ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵ بناسن. تەنها 3% تا لە4% ئەو ژنانەی لەم بنکانەدا باردەهێنران بەچارەسەر نەکراو دەژمێردران و وازیان لێدێنان، یان دەریان دەکردن.

لە90%ی ئەم ژنانە بەنەخۆشیە سێکسیەکان گیرۆدە بوبوون وچارەسەری تەندروستی تەواویان بۆ فەراهەم کرابوو. هەرلەم بنکانەدا ژنان دەرسی سیاسیو ئەدەبی وهونەری ومۆسیقایان پێدەدراو فێری سەمایان دەکردن ودەبران بۆشانۆ وسینەما. ئەم ژنانە پاش ماوەیەک زۆرفەرقیان کردبوو، تەنانەت ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان دەردەکرد. یەک سیستەمی دایکایەتی یان سەرپەرشتی داخراو هەبوو لەم بنکانەدا تابتوانن دەوری تاکەکەس لەناوکۆمەڵگای یەکگرتوودا بەرجەستە بکەنەوە. بۆنمونە یەک کارخانەی گەورە جاری وابوو تەنیا لەم کەسانەی وەردەگرت وئەم کەسانەی فێری کاری بەکۆمەڵ دەکرد.

ژنان یەکساڵ لەم بنکانەدا دەمانەوە ودوایی کارێکیان بۆپەیدا دەکرا. هەرچەندە کەس باسی ڕابردوویانی نەدەکرد بەڵام لەلایەن کۆمیتەی کارگەکانەوە چاودێری دەکران. وەهەر یەکەیان کەسێک بەناوی "خوشکی سەرپەرشت"ەوە یارمەتی ماڵ پەیداکردن ودەست بەژیانی نوێکردن، وەیا هەر کارێکیتر دەدرا. ڕاپۆرتی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوانە دەنێردرانەوە بۆ بنکەکان تا هانی ژنانی تری لەسەر پێبدرێ. لەساڵی 1931 دا کۆنگرەی "لەشفرۆشانی جاران، کرێکارانی ئەمرۆ" سازدرا کەبووە بۆنەو جەژنێکی گەورە بۆیان.

## پیشەسازی کردن وکۆماکردن 1928تا 1933

لەگەڵ پلانی 5 ساڵە ودامەزراندنی نزیکەی گشت کرێکاران، حکومەت مەسەلەی لەشفرۆشی زۆر بەڕاشکاوی لەسەری ڕاوەستا ویاسای تازەی بۆدانا وبەدەستەوە بوو ئەم دیاردەیە بەیەکجاری بن بڕ بکرێ. وتراوە کەچیتر لەشفرۆشتن وشوێنەکانی لەشفرۆشی نابێ لەیەکیەتی سۆڤیەتدا بمێنێ. بەپێی سەرژمێریەک کەکراوە لەساڵی 1931 دا تەنها 400 بۆ 700 ژن لەمۆسکۆ خەریکی ئەم کارەبوون. لەکاتێکدا لەساڵی 1928 دا ژمارەی 3هەزار ولەساڵی 1913 20 هەزار بووە. تەنانەت لەبەترسپۆرگ 40 هەزار کەس وەک لەشفرۆش ناونوسکراون.

ساڵی 1930 جەنگ لەدژی لەشفرۆشی زۆربەتوندی پەرەی سەند، هەمووشوێنە گومان لێکراوەکان، جادەتاریکەکان وپەناگاکانی شەو خرانە ژێر چاودێری کرێکارانو پاسەوانە کۆمەڵایەتیەکانەوە. کەمپینی دژی خواردنەوە وداواکردنی نەهێشتنی بێلانەیی زۆر بەرفراوان بوو. گشت حەمامە تورکیەکانیان داخست.

لەم کاتە بەدواوە ئیتر زۆربەی جێگاکانی بەربەستو چارەسەرکردنی لەشفرۆشی داخران. چونکە کاریان نەمابوو (لەو5 دانەیەی مۆسکۆ 4یان داخرا). ژنانێک کەخەریکی کاری لەشفرۆشی بوون زیاتر خەڵکی دیهاتەکان بوون لە25% ئەمانەش لەخوار 16 ساڵیەوە بوون. ئەو مەرجەی کەدەبوا نەخۆش بن تا لەبنکەکاندا وەرگیرێن، لابرا وپلانیان بۆ کردنەوەی بنکەی تازە دانا کەچارەسەری تەندروستی تیا نەبێ وبۆژنانی تازە کار یان ئەوانەی کەخەریکە توشی ئەو کارە بن تایبەت بن. کرێکاران هان دەدران تامندالاّن وژنانی بێکەس بگرنە خۆیان.

ساڵی 1932 پێ لەسەر ئەوە دادەگیرا کەسزا بدرێن، بەمەیان دەوت "پێوانەی بەرگری کۆمەلایەتی" لەبەرئەوەی نزیک بەتەواوی خەڵک کاریان هەبوو، لەشفرۆشی بەپاشماوەی سەرمایەداری دەژمێردرا، لەبەرئەوەی دەوترا سۆسیالیزم دامەزراوە. پرۆپاگەندە لەدژی ژنانی لەشفرۆش وپیاوانێک کەخەریکی ئەوکارە بوون دەکرا وبە"دوژمنانی رژێمی سۆسیالیستی" ناو دەبران. یاسای زۆر توندی تاوان لەدژی ئەمانە دانرا. زیندان سزای پیاوەکان بوو وەناویان لەرۆژنامەکاندا بلاودەکرایەوە. دەلاڵەکان دوردەخرانەوە. بەلام تائەوکاتەش ژنەکان نەرمتر مامەڵەدەکران. ئەم ژنانە بۆ دوو جۆر دابەش دەکران "مێشک ناتەندروست" و"هۆکاری مشەخۆری، کەپێشتر لەکار راکردویان پێدەوتران". جۆری یەکەم بەوە دەناسران کەهەڵگری نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکانن و بۆچارەسەری دەروونی دەنێردران. بەلام جۆری دووەم بە"دووچار دۆراو" ناودەبران ولەگەڵ کۆلاک وگشت ئەوانەی کە بەخائین تاوانبار کرابوون رەوانەی "زیندانی سۆلۆفکی بۆ تاوانبارانی سیاسی ورەوشتی" لەسیبریا دەکران. تەنانەت هەندێک لەمانەیان ئیعدام دەکرد.

**بەکورتی :**

ئەوەی کەگیروگرفتی لەشفرۆشی وەک یەک مەسەلەی کۆمەلایەتی هەر بەردەوام بوو، جێی سەرسورمانی توێژەرەوەکان بوو. زۆر لەسەر ئەوە دەیان کۆڵیەوە کەبۆچی ژنان وپیاوان بەرەو ئەم کارە دەچن، هەمیشەش سەرنجی پرۆلیتاریای تازە پێگەیشتوویان رادەکێشا کەتوشی ئەم رەوشتە دژی سۆسیالیشتیە نەبن. لەرونکردنەوەی سیاسەتی تازەی خێزاندا، ساڵی 1945 رژێم بەم شێوەیە باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە:"بەسەرکەوتنی سۆسیالیزم ریشە ئابوریەکانی لەشفرۆشی لەوولاتی ئێمەدا بەتەواوەتی بن برکراوە، نەمانی بێکاری پەرەسەندنی رادەی سەربەخۆیی ژنان، کۆکردنەوەی لادێکان، بەشداری بلاوی ژنان لەکاری ئابووری وکۆمەلایەتیدا، کرێی یەکسانی ژن وپیاو وبەرزبوونەوەی رادەی رۆشنبیری وسیاسی ژنان. هەموو ئەمانە بنبڕی هەرجۆرە پاکانەیەک دەکەن بۆ لەشفرۆشی".

بەلام لەراستیدا لە سۆڤیەت تەنها توانیان یەک هەنگا وبۆ لەناوبردنی لەشفرۆشی بنێن. ئەویش خستنە سەرکاری هەموو کەس بوو، ئەگیان کاری ژنان دیسان نزم ولەئاستی نزمدا بوون. بەڵینەکان کەبۆ خۆشگوزەرانی دران نەهاتنە دی تاژنان لەمەسەلە کۆمەلایەتیەکاندا بەتەواوی بەشدار ببن. زەمیەنەی بۆرژوازی لەپێکهێنانی خێزاندا لەناو نەبرا، بگرە بەهێزتر کرا. بۆیە ئەنجامەکانی پەیوەندی تازەی پڕ رێز ویەکسان لەنێوان ژن وپیاودا نەهاتنە دی، بیرۆکراسیەت، جیاوازی چینایەتی کردە شتێکی هەمیشە زیندوو، وەبەدگومانی زۆری بلاوکردەوە. لەبەرامبەر ئەمانەدا بەرهەمهێنانی کالا بەرادەیەک نەبوو کەگشت شتێک بۆ هەموو کەس و هەموو هاولاتیەک فەراهەم بێت. هەروەها مەسەلەی بێخانەو لانەیی هەرگیز بنە بڕ نەکرا.

هەرچەندە شۆڤیەت نەیتوانی لەشفرۆشی بن بڕ بکات، بەلام ئەم تاقیکردنەوەیەی ئەوان- بەخاڵە سەرکەوتوەکانو لاوازو شکست خواردوەکانیەوە- بۆ گشت شۆرشگێرێک گرنگە کەبیەوەێت باس لەمەسەلەی رزگاری ژنان بکات وخەباتی بۆ بکات.

لەپێش هەموو شتێکەوە ئەم تاقیکردنەوەیەی سۆڤیەت سەلماندی کە مارکسیزم دروست بۆی چووە کەدەڵی لەشفرۆشی بەهەژاریەوە بەستراوەتەوە. هەتا هەژاری زیاتر بێت گیروگرفتی لەشفرۆشیش ئاڵۆزتر دەبێ. تەماشای هاییتی، فلیپین وچەندین ولاتی تر بکەین کەهەژاری زۆر بلاوە وبەمەش لەشفرۆشی لەرادەی سەرسام هێنەری خۆیدایە.

کەوایە هەنگاونان بۆ نەهێستنی هەژاری بەرادەیەکی زۆر لەشفرۆشی کەمدەکاتەوە. کلیلی مەسەلەکە تەنها لەمسۆگەر کردنی مافو کرێی یەکساندا نییە بۆ ژنان، بەڵکو بزوتنەوەی جەماوەری کرێکاری بەرینی پێویستە بۆرزگاری. دەبی ژنان وپیاوانی هەڵسووراو بەتوندی دژی لەشفرۆشی بجەنگن (لەدژی دامەزراوەی لەشفرۆشی نەک قوربانیەکانی) ودەبێ بەتەواوی لەرێگەی رزگاری ژناندا خەبات بکەن.

لەکۆتاییدا، گواستنەوەی ئابووری بەرەو سۆسیالیزم، بنبڕ کردنی ئەم پیشەیە مسۆگەر دەکات.(بەوەی کەئابوری بازاڕ لەناوبچی، کار بۆ هەموو کەس مسۆگەر بێ، خزمەتگوزارەیە کۆمەلایەتیەکان بەتەواوی فراوان بکرێنەوە و وابەستە بوونی ژن ومناڵ بەئابووری خێزانەوە بەتەواوی بن بڕ ببێ، گشت ئەو کەلوپەلانە کەخەڵک پێویستیانە بەفراوانی بەرهەم بهێنرێن و.. هتر) بۆلشەفیکەکان چەند ئابوریان بەرەو سۆسیالیزم نزیک دەکردەوە ئەوەندەش سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، لەبەرامبەر نەهێشتنی لەشفرۆشیدا.

## بەشی شەشەم

## مەسەلەی مناڵ لەبار بردن:

یەکێک لەو کێشانەی کەتا ئێستاش لەئەمریکا وەک کێشەیەکی ژنان بەبەربڵاوی بەرچاودەکەوێ مەسەلەی منالْ لەبار بردنو پاراستنی منالە. لەم ڕووەوە توێژینەوەکان لەمەڕ مەسەلەی منالْ لەباربردن لەسۆڤیەت ولەژێر سایەی دەسەلاتی بۆلشەفیکەکان وئەو کارانەی ئەنجامدراون بەهەنگاوی گرنگ هەڵدەسەنگێنن. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، ڕاستەوخۆ منالْ لەباربردن وەک تاوانێک لەیاسادا هەڵگیرا وگشت ئەوسزایانەی لەسەر ئەم کارەبوو لابران. لە18 تشرینی یەکەمی ساڵی 1920دا لەباربردنی منالْیان کردە کارێکی یاسایی وسیستەمێکی تەندروستیان بۆ چۆنیەتی لەباربردنی منالْ لەچوارچێوەی پاراستنی سەلامەتی وئازادیەکانی ژندا دامەزراند. کارێکی واش جێگای سەرسوڕمانی کۆمەڵگای جیهانیە کەچۆن بۆلشەفیکەکان توانیان ئاوا بەخێرایی وپەیگیرانە ئەم یاسایە بەقازانجی ژنان بەرێوەبەرن. بۆلشەفیکەکان لەو ڕاستیە تێگەیشتبوون کە مافی منالْ لەبار بردن مافێکی دیموکراتی ژنانەو یەکێکە لەپایەکانی ڕزگاری ژنانو بەدیهێنانی یەکسانی. بەلام ساڵی 1936 لەبار بردنی یاسایی ژنان لەلایەن دەسەلاتەکەی ستالینەوە هەڵوەشێندرایەوە ودەستکەوتێک کەبۆلشەفیکەکان بەدەستیان هێنا لەژنان سەندرایەوە.

## پێویستی مافی منالْ لەباربردن:

لەژێرسایەی حوکمی قەیسەریدا، لەباربردنی منالْ بەتاوان دەژمێردرا. ئەوکەسانەی لەسەر منالْ لەباربردن بگیرانایە، هەر لەبەتالْ کردنەوەی مۆلەتی کارکردنەوە تا زیندانی کردن بۆ ماوەیەکی زۆر، سزادەدران. تەنانەت حوکمی کوشتنیش بەدەستەوە دەگیرا لەبەرامبەر ئەوکەسانەی بەم کارە هەڵدەستان و بەهۆیەوە دایکەکە بمردایە. هەروەها ئەگەر ژنێک بەبێ بڕیاری دکتۆر خۆی هەستایە بە لەبەربردنی منالێک، ڕووبەڕووی سزا دەبوەوە. ژنانی هەژار وکرێکاران لەبەر نەبوونی نەیان دەتوانی ڕوو لەشوێنەکانی تەندروستی بکەن بۆیە پەنایان بۆ گژو گیاو مامانی لاکۆلانو نایاسایی دەبرد. ئەمە لەکاتێکدا کە کچانو ژنانی دەولەمەند لەڕێگای دکتۆری تایبەتیەوە دەستیان بۆ لەباربردنی منال دەبردو بەئاسانی بۆیان دەچووەسەر.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لەبارەی مافی منالْ لەباربردنەوە چەندین کۆبوونەوەی گشتی وچەندین نوسراوو ڕێنمایی بلاوکرانەوە. ژینۆتدیلْ، داوای کرد کەمافی یاسایی بەژنان بدرێ لەم مەسەلەیەدا وئیمکاناتی مالی وتەندروستیان بۆسەرف بکرێ. ئەوکات بەهۆی کەمی دکتۆرو کەسانی پسپۆڕەوە، هەروەها بەوهۆیەوە کەبەشێکی زۆر لەدکتورو پسپۆڕەکان بەم یاسایەو بەم مافەی ژنان ڕازی نەبوون، ژمارەی منالْ لەباربردن ومردنی دایکان بەشێوەیەکی مەترسیدار ڕووی لەزیاد بوونکرد.

جەنگی ناوخۆ و بارودۆخێک کەهاتەئاراوە، یاساکانی ساڵی 1920ی کردە پێویستیەک، بەتایبەتی کەجەنگ بووە مایەی دابڕانێکی کۆمەلایەتی بەرفراوان وبووە هۆی زیاد بوونی ژمارەی بێوەژن ومنالانی بێدایک و باوک، بەم هۆیەشەوە ژمارەی منالْ لەبار بردن زۆر زیادی کرد. سەرچاوە ڕەسمیەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کەلە50%ی ئەو ژنانەی کەلەم دەورەیەدا لەدەرەوەی نەخۆشخانەکان دەستیان بۆ منالْ لەباربردن بردووە بەڕێژەی لە4%یان، مردوون وەیا توشی نەخۆشی مەترسیدار بوون. هەروەها لەم دەورەیەدا بەپێویست دەزانرا ژنان لەئەرکی منالْ زۆری وکارەکانی تری ناوماڵ ڕزگار بکەن، تا وەک هێزی کاری ئازاد وسەربەخۆ لەکۆمەڵگادا دەور بگێڕن وبەشداری لەکاروباری ولاتدا بگرنە ئەستۆ. ئەمە وێرای ئەوەی دەبوایە دیاردەی پیاوسالاریو زالبوونی دەسەلاتی پیاوانو کلێسا ومزگەوت لەسەر ژنان هەڵگیرێ. بۆنمونە لەشوێنە دواکەوتووەکانو ناوچە موسولمان نشینەکان، کچان زۆر بەزوویی و بەمنداڵی دەدران بەشوو، وەدەبوو هەر بەزوویی ببنە دایکی منالْدار.. ڕزگارکردنی ژنان لەم حالەتانە پێویستبوو بۆئەوەی ژنانی سەربەخۆوئازاد لەکۆمەڵگادا دەرکەوێ وڕوو لەپەرەسەندن بکات. کەوایە لەسەروو هەموو شتێکەوە گیروگرفتی ئابووری ودۆخی نالەباری ژنان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دەرکردنی یاساکانی 1920.

دەبێ لەوەش تێبگەین کە یاسایی کردنی منالْ لەباربردن بەرئەنجامی ئەو باوەڕە نەبوو کەژنان ئازادن لەکۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆیانو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی وەچەدا، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەبزوتنەوەی لایەنگرانی "ئیختیار- پرۆچۆیش-دا پێناسەی بۆدەکرێ. هەروەها هیچکەس منال لەباربردنی وەک چارەسەری درێژ خایان سەیر نەدەکرد، بەڵکو بەمافێکی کاتی دەزانراکە"مانەوەی ڕەوشتو نەرێتی کۆن وگیروگرفتە ئابوریەکانی ئێستا، هەندێ لەژنانی ناچار بەم کارە کردووە".. بەمجۆرە مافی منالْ لەباربردن واسەیردەکرا کە "منالان ئایندەی سۆسیالیستن"، بۆ یەکیەتی سۆڤیەتو منالْ دروستکردن کاری سروشتی ژنان وخزمەتی کۆمەڵگایە. تەنانەت کۆلنتای کەژنێکی ڕادیکالْ وتێوەریسەنێکی سۆسیالیستبوو، ڕەخنەی لەو بیروباوەڕە دەگرت کەدەلی:"منالْ لەباربردن مافی بێئەم لاوئەولای ژنە لەکۆنترۆلکردنی لەشی خۆیدا"، وبەخۆپەرستی بۆرژوازی ناوی دەبرد وهەروەها ژنانی هاندەدا بۆ دروستکردنی کرێکارانی دواڕۆژ. دیاربوو کەهەڵبژاردنی بێمنالی وەک یەک ماف وقەراری ئینسان لەژیاندا بیری لێنەدەکرایەوە. دەبێ ئەوەش بلێین کەگشت ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی بۆلشەفیک، لایەنگری یاسایی کردنی منال لەباربردن نەبوون. بۆنمونە سۆفا سمیدۆڤیچ لەگەڵ

چەندکەسی تردا پێیان وابوو یاسایی کردنی منالّ لەباربردن دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان وفەوزای جنسی.
فاکتۆری تریش هەبوون کەبڕیاری یاسایی کردنی منالّ لەباربردنیان سەخت دەکرد. بۆنمونە ئەوکاتە نەشتەرگەری پێشکەوتوونەبوو، وەمەترسی بۆسەر ژنان زۆربوو. هەروەها ترس هەبوو لەئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی لەمەسەلەی کەمکردنەوە ودیاریکردنی وەچەدا ئەویش خۆی لەتیوەری "هەندەسەی کۆمەلایەتی"دا دەرخستبوو، کەمالّتۆس وەک زانایەکی بۆرژوازی لەئەوروپادا دەرکەوتبوو، وە باوەڕەکانی گواسترابوەوە بۆ ڕوسیا. باوەڕەکانی مالّتۆس سەرچاوەی هەژاریو نەداری بەزیادبوونی دانیشتوانو خستنەوەی منالّی زۆر دەزانی.
بەم جۆرە لەسەرەتای دەسەلات گرتنی بۆلشەفیکەکاندا یاسایی کردنەوەی منالّ لەباربردن وەک ئەرکێکی خراپو ناچاری کەهەردەبی دەستی بۆببرێ، چاوی لێکرا. ئەمەش یەک هەنگاو بوو لەناوەڕاستدا وتا سەردەمی پەرەسەندنی زانستی پزیشکی ودەرکەوتنی ڕیگاکانی مەنع کردن، وەتا ئەوکاتەی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان پەرەیان پێدرا وپەروەردەی منالان وەک کارێکی کۆمەلایەتی چاوی لێکرا، مەسەلەی منال لەباربردنیش چووە ئاستیکی ترەوە. بەم جۆرە بۆلشەفیکەکان ڕیچکەی دابین کردنی نەخۆشخانەی تایبەتیان بۆ لەباربردنی منالان گرتەبەر ولەژێر چاودێری پزیشکو بەخۆرایی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئەمبوارە مامەڵەیان لەگەل منالّ لەباربردندا بەدەستەوەگرت.

## یاسای منالّ لەباربردنی 18ی تشرینی 1930

ئەم یاسایە بەیەکەمین یاسای خێزان دەژمێردرێ. کۆمیسیۆنی تەندروستیو عەدالەت ئەم یاسایەیان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشت:
1/ نەشتەرگەریەکان بەخۆرایی ڕیگەیان پێدەدرێ بەمەرجێک لەنەخۆشخانەکانی سۆڤیەتدا بەڕیوەببرێن. ئەم نەخۆشخانانە زۆرترین پێداویستی بۆژنان دابین کردبوو وەبەکەمترین ئازارو مەترسیەوە منالّ لەباربردن تیایاندا بەڕێوەدەبرا.
2/ جگەلە دکتۆری تایبەت هیچ کەسێکیتر مافی ئەوەی نەبوو ئەم کارانە ئەنجامبدات.
3/ هەر سستەرێک یان کەسێکیتر بەتاوانی ئەنجامدانی منال لەباربردنەوە دەستگیر بکرێ، مۆڵەتی کارکردنی لێوەردەیگرێتەوە ولەدادگایەکی گشتیدا دادگایی دەکرێ. بەمجۆرە"لەباربردنی نایاسایی وەک تاوانی کوشتن دەژمێردرا، بەتایبەتی ئەگەر دایکەکە لەئەنجامدا بمردایە".
4/ هەردکتۆرێک لەپێناوی پارەدا ولە عیادەی تایبەتی خۆی ئەمکارەبکات دادگایی دەکرێ. هەروەها دەبێ:
*/ لەباربردن بەنەشتەرگەری ئەنجامبدرێ، نەک لەڕیگای دەرمانەوە.
*/ دوای لەباربردن، دەبی دایکەکە لەژێر چاودیری پزیشکدا بۆ ماوەی 3بۆ5 ڕۆژ بمێنێتەوە.
*/ ژنانی کرێکار 3 هەفتە مۆڵەتیان بەکرێی تەواوەوە پێدەدرێ.
*/ یەکەم منالّ نابێ لەبار ببرێ ئەگەر ژیانی دایکەکە لەمەترسیدا نەبێت.
*/ بەپێی ئەم مەرجانە هیچ دکتۆرێک نابێ کاری لەباربردن ڕەتکاتەوە، بەلام دەبێ هانی ژنان بدات کەدەست بۆ لەباربردنی منالەکانیان نەبەن.
ئەم مەرجانە بۆژنانی شوودار وکچان وەک یەک چاولێدەکرا. ئەوەی کە لەباربردنی منالّی یەکەم قەدەگەنەکرا، بۆ ئەوەبوو تا ڕای گشتی لەسەر"منالّانی ناشەرعی"بگۆڕدرێ. دایکایەتی بەدیاریەکی باش بۆژنان بەحساب دەهێنرا. هەروەها دەیانووت لەڕووی دەرونیەوە سودی هەیە بۆیە باس لەوەدەکرا کەئەگەر ژنێک تەندروستی باش بێت ولە3 منالّ کەمتری هەبێت ووەزعی ئابوری باشبێت دەبێ هانبدرێت منالّەکەی لەبار نەبات. هیچ ژنێک بۆی نەبوو سالّی دووجار یان زیاتر بچێتە خەستەخانەی تایبەت بەمنالّ لەباربردن. هەرچەندە ئەم کارە نەدەتوانرا بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێ.

## ئەبوریتاریا:

ئەبوریتاریا ناوێکی ڕوسیە بۆ ئەو جێگە دەولەتیانەی کەمنالّ لەباربردنی تیا ئەنجام دەدرا. ئەم شوێنانە لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی ڕوسیادا وەک تۆڕێکی بەرین دامەزرێنران. زۆر ڕۆژنامەنوس ونوسەری بیانی سەردانی ئەم شوێنانەیان دەکرد، لەوانە 3 کۆمەڵناسی ئەمریکایی کەڤانیا هالی، ئالیس فیلّد وئیلا وێنتەر بوون، لەسالّی 1930 تا 1932سەردانی بنەکەکانی ئەبوریتاریایان لەشاری مۆسکۆ کرد وبەم شێوەیە باسی لێوەدەکەن:
"پڕوپاگەندەی زۆردەکرا بۆسەلامەتی لەباربردنی یاسایی، لەمۆزەخانەکان، قوتابخانەکان، کارگەکان وشووراکان.. ئێمە سەرمان سورما بەو ڕوونکردنەوە وزانیاریە زانستیانەی کەلەسەر پۆستەر ووێنەو پڕۆشۆرەکان نوسرابوون وبەئازادیەکی لەڕادە بەدەرەوە باسی

ئەم مەسەلەیەیان دەکرد وتەنانەت لەنێو ژنانو پیاواندا بەئازادی باس لەمەسەلەی منالّ لەباربردن دەکرا. لەگەل ئەمانەشدا پڕوپاگەندە بۆئەنجام نەدانی ئەم کارەش دەکرا. بۆنمونە دەیان نوسیی "مۆڵەتدان بەمنالّ لەباربردن هەمان کاری هاندان نییەو.. شتی لەم جۆرە".

پرۆسەی مۆڵەتی ئەنجامدانی منالّ لەباربردن زۆر دورودرێژبوو، لەوەدەچێت ئەو هەموو بیرۆکراسیەتە لەبەر ئەوە بوو بێت تا ژنان وازبێنن لەو کارە نەکەن. دایکەکە بەیەک زنجیرەی درێژ، لەکاروباری وەرگرتنی مۆڵەت وەرگرتندا دەبرا، دوای ئەوەش دەبرایە نەخۆشخانەو بەفلیم یان بەڕاستی پرۆسەی منالّ لەباربردنەکەی نیشان دەدرا وباسی زیانەکانی بۆدەکرا. یەکێک لەسەرژمێرەکان ئاماژەی بەوەداوەکە لەمۆسکۆ لە70%ی ئەوژنانەی کەدەیانویست منالّ لەبار بەرن پەشیمان دەبوونەوە، تەنها بۆژنانێک کەنەخۆشبوون وەیان تورەو زۆر بێ تاقەتبوون ئەمکارەیان بۆئەنجامدەدرا.

## ئەبۆریتاریا وکاریگەریەکانی یاسای ساڵی 1930

لەساڵی 1932دا هیچ لەباربردنێکی نایاسایی لەسۆڤیەت ڕووینەداوە، ئەگەریش کرابێت ئەوا ڕێژەیەکی زۆر کەم بووە، کەشایانی ئاماژە پێکردنە نییە. بەم جۆرەش سیاسەتی منالّ لەباربردن بەئامانجەکانی خۆی گەیشت. بەڵام دیارە ئەم ئەنجامە وەک بەرهەمی خەباتو هەولێکی یەکجار گەورەو پڕ کێشە بەدەست هات. ساڵی 1924 ڕێژەی منال لەباربردن یەکجار بەرز بوو بۆیە پێویست بوو بۆ بۆلشەفیکەکان بیکەنە مەیدانێک بۆ کارکردن لەسەری ودواتر یاسایەکیان لەبارەیەوە پەسەندکرد. ئەم هەولانە لەسەرەتاوە کاریگەری زۆری نەبوو چونکە ئەندامانی حزبی بۆلشەفیک ئامادەیی زۆریان بۆی نەبوو. بەلام لەساڵی 1929 دا دەرکەوت کەژمارەی نەشتەرگەریەکان بەڕێژەی 25،8%گەیشت. وەلەساڵی 1931دا لە26 هەزار نەشتەرگەری تەنها یەک ژن مردووە. سالی 1927 کۆنفرانسێکی گەورەی زانایانی جینیکۆلۆجیست(بەشێکی پزیشکیە کەلەنەخۆشیە تایبەتیەکانی ژنان وچارەسەرکردنیان دەکۆڵێتەوە) لەئۆکرانیا بۆ لێکۆڵینەوە لەئانجامەکانی یاسای منال لەباربردن سازدرا، ئەم کۆنفرانسە لەراستیدا لەدژی یاسایی کردنەوەی منال لەبار بردن بوو، هەرچەندە باس لەوەشکرا کە کردنەوەی ئەبۆریتاریا گیانی ژنانێکی زۆری ڕزگارکردووە هەروەها کۆنفرانسەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەسۆڤیەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بێزیان ترین نەشتەرگەری وریگاکانی تری منال لەباربردن لەچاو ولاتانی دونیادا بەسەرکەوتووی تیا پەیرەوکراوە. بەلام هەرچۆنێک بێت لەوسەردەمەدا ئەو باوەڕە سایەی کردبوو کەمنالّ لەباربردن بەهۆیەک بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان وبریندارکردنی پیرۆزی خێزان دەزانرا.

دکتۆرێک لەکۆنفراسەکەدا ووتی:"داخوازی ئازادی ژنان بۆ منال لەباربردن خواستیکی ڕاستە، چونکە ژن تەنها خۆیەتی کەدەزانێ ودەتوانێ لەسەر دیاریکردنی کۆمەلایەتی خۆی بڕیار بدات، هیچکام لەئیمەی پیاوان ڕازی نابین بڕیارێکی لەوجەشنە لەدەرەوەی خۆمان بەسەرماندا بدرێ.. ئەو مافە لەژنان مەسەندنەوە کەڕەوتی دیاریکردنی مافی خۆیان دیاری دەکات. ژن بەهەمان ئەندازەو شێوەی پیاوان مافی سیکسی تایبەت بەخۆیان هەیە". سەرەنجام کۆنفرانسەکە 7 خاڵی وەک بنەما بۆ کارکردن لەبارەی منالّ لەباربردنەوە پەسەند کرد.

بەلآم یاسایی کردنەوەی منالّ لەباربردن لەسۆڤیەتی ساڵانی 1920 تا 1936 چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟

هەرچەندە ڕازی بونێکی تەواو لەئەنجامەکان لەئارادانەبوو بەلام هەولّەکان لەم بارەوە بەئەنجامی خۆی گەیشتبوو. تەندروستی وەزعی ژنان زۆر بەرەو پێشچوبوو. زانستو پزیشکی منالّ لەباربردن تەواو پەرەی سەندبوو. ژنان بەڕێژەی بەرز دەچونە بنکەکانی ئەبۆریتاریا ولەوێش هاندەدران بۆ دەست هەڵگرتن لەمنال لەباربردن. هەرکاتێکێش بڕیاری بدایە بەخوارایی خزمەتگوزاری وچاودیری پزیشکی پێشکەش دەکرا. ئەم مەسەلەیەش هیچکات کاریگەری خراپی لەسەر ڕێژەی کەمبوونەوەی دانیشتوان دانەنا وڕێژەی لەدایک بوونی منالّ بەدروستی دەچوە پێشەوە..

## بەشی حەوتەم وکۆتایی

## قەدەغەکردنی یاسایی لەباربردن 1936

ساڵی 1936لەباربردنی یاسایی لابراو قەدەغەکرا. ئەمکارە بەیاسایەک چووە پێشەوە کەبریتی بوو لە:

١/ بۆ بەگری کردن لەئازارەکانی، نەشتەرگەری لەکاتی منالّ لەباربردندا، لەخەستەخانە و عیادە تایبەتەکاندا، وەیا لەماڵی دکتۆرەکان و دایکەکاندا نابێ مۆڵەت بدرێ، تەنیا لەکاتێکدا ئەم مۆڵەتە دەدرێ کەمنداڵبوون مەترسی سەختی بۆ سەرگیانی

دایکەکە هەیە یان نەخۆشی ترسناک لەدایک و باوکەوە بۆ منداڵەکەیان گوازرابێتەوە. ئەم کارەش دەبێ لەخەستەخانە و بنکەی تایبەتی خۆی بکرێ.

٢/-هەر دکتۆرێک لەدەرەوەی خەستەخانە یا بنکەی منداڵبوون ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام ئەو مەرجانەی سەرەوەی نەبێت، سزای ساڵێک یان دوو ساڵ زیندانی وەردەگرێ. ئەنجام دانی ئەم کارە بەبێ بوونی هەموو وەسیلەیەکی تەندروست یان بەهۆی کەسانێکەوە کەمۆڵەتی زانستییان نیە، سزاکەی ٣ ساڵ زیندان وەیان زیاترە.

٣/ ئیجبارکردنی ژنان بۆ لەباربردن. سزای ٢ ساڵ زیندانیە.

٤/ بۆ ئەو ژنانەی کەبە پێچەوانەی ئەم یاسایەوە دەچن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ سەرزەنشتی کۆمەڵایەتی بکرێن و ئەگەر ئەم کارە دووبارە بکەنەوە، سزاکەیان ٣٠٠ ڕۆبڵە.

بۆ ئەوەی ئەم یاسا نوێیە پەرە پێ بدرێ. دەوڵەت بڕیاری سەخت تر لەجاران دژی ئەو سەرکار و بەڕێوەبەرانەی دانا کەلەبەرامبەر ژنانی دووگیاندا سەختگیری یان ڕەقی دەنوێنن. پشتیگیریەکی زیاتر لەدایکان و بەتایبەت خاوەن منداڵی زۆر دەکرا. بنکەی خەستەخانەکانی منداڵبوون زیادکران، یاسای قورستر بۆ جیابوونەوە دانرا هەروەها سزای قورس لەسەر ئەو پیاوانە داندرا کە لەژنەکانیان جیا دەبنەوە و خەرجیان ناکێشن. جارێکی تریش بانگەوازی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زیاتر کرا بۆ دەرمان وڕێگاکانی مەنع. قەدەغەکردن لەدژی لەباربردنی یاسایی بەشێک بوو لە پیاداچوونەوەی(یاسای خێزان) کە ساڵی ١٩٣٦ دەستی پێکرد ولە 1944دا کۆتایی هات. وەک پیاچوونەوەیەکی ئاشکرا یاسای خێزانی 1934 هیچ قسە وباسێک لەسەر ئەم گۆڕانانەی یاساکە لەپەرلەمان (شوورای باڵا)دا نەبوو، هەرچەندە پێش وەخت بە شێوەیەکی گشتی دەخرانە بەردەستی خەک و لێی ئاگادار دەکرانەوە. ئەم ئاگادار کردنەوانە لەپرافدا و ئەزفیستیادا بە شێوەیەکی لێکۆڵینەوەی سەلمێندراو پڕ نموونە و قسەوباسی پسپۆڕان دەنووسران. هەرچەند لە ئەزفیستیادا (کە سەرنووسەرەکەی بوخارین بوو) ئەم نووسراوانە بەجۆرێک بڵاو دەکرانەوە کە ناڕەزایی و بەرهەڵستی پێوە دیار بوو، بۆچوونی ڕابەرانی حزب لەم بارەوە بەئاشکرا دەست ناکەوێت، کەبە هۆی دادگاکانی پاکسازیەوە ئاشکرایە بۆچی؟. دیارە لەبەرامبەر ئەمەدا ناڕەزایی زۆر هەبوو بە تایبەت بەهۆی خراپی باری ئابووری ونەبوونی ماڵ ومەسکەنەوە. دیسان ژنانی قوتابی ناڕەزایەتیان دەربڕی کەناتوانن خوێندن و دایکایەتی بەیەکەوە بکەن. هەرچەند بەتەواوی قسە وباسی خەڵک نازانین چی بوون بەڵام ئاشکرایە کەهیچ دەورێکیان لەسەر ئەم یاسایە تازەیە نەبوو.

## پاکانە؛

پاکانەکان بۆ یاسای قەدەغەکردن لە پێشەکی یاساکەدا ولە ڕوونکردنەوەی ڕەسمی بۆ یاسای نوێی خێزان لەپرافدادا بڵاوکرایەوە. لەم قسە و باسانەدا دەردەکەوێ کەهەموو هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی خەڵک بووە بۆ هەنگاوە تازەکان. قسەو باسەکان زۆرن، کەلە ناو هەموویاندا هێنانەوەی ووتە وبۆچوونەکانی لینین زۆر کاریگەر بوون، بەگشتی دەیان ووت: لینین وەک پرەنسیپێک دژی منداڵ لەباربردن بووە وئەم کارەی تەنها وەک هەنگاوێکی کاتی باس کردوە تا وەزع دەگۆڕێ، ئێستاش وەزع گۆڕاوە، بۆیە هەربەپێی بۆچوونی لینین دەبێ لەبابردنی منداڵ نەمێنێ، بۆ ئەم قسانە نووسراوەی(چینی کرێکار و مالتوسیزمی نوێ) یان دەکردە پاڵپشت. ڕاستە کەئەم نووسراوەیە لەساڵی ١٩١٣ دا لەسەر ئاگایی چینی کرێکار پێدادەگرێ لە بەرامبەر ئەو قسە وباسانەی کە بۆرژوازی لەبابەت زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان وبرسێتیەوە دەیکەن وتویەتی: "تەنها وردە بۆرژوازیە بێ بەزەیی وخۆپەرستکاران دوای تیۆری ماڵتۆس دەکەون ودەڵێن: "خوا ڕەحم بکات خۆمان بۆ بەڕێوە بچێ، تا منداڵمان نەبێ وەزعمان چاکترە". بەڵام ئەمە دەسکاریکردنی مەبەستی لینین بوو چونکە ئەو ئەم قسە و باسەی لەبابەت سەردەمی سەرمایەداریەوە کردوە.

قسە و باسەکانی شوورەوی بەم شێوەیە درێژەی هەیە:سۆسیالیزم بە سەرکەوتنی تەواوی خۆی گەیشتووە بۆیە لەوە زیاتر مۆڵەت بۆ منداڵ لەباربردن نیە. لینین دەڵێ: "تەنها لە سۆسیالیزمدا، کەچەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە نامێنێ و ژن ئەندامێکی کۆمەڵایەتی یەکسانە بە پیاو کاتی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی بە هۆی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکەوە دیاری دەکرێ، دەتوانین منداڵ لەباربردن قەدەغە بکەین و بەشێوەی جۆراوجۆر لە بەرامبەریدا بوەستین. " ئەو کات لە سۆڤیەت دەیانوت کەپرۆژەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان داندراون و هەندێکیان لەڕێگەی دامەزراندندان، ئەم پرۆژانە دایکان والێ دەکەن بتوانن کرێکاری بەرهەمهێن و لە هەمان کاتدا دایک بن. هەروەها لەسەر ئەوە قسەیان دەکرد کەرێژەی لەباربردن لە سۆڤیەت بەنیسبەت ئەورووپاوە کەمترە ئەمەش دەیسەلمێنێ کە ژنانی سۆڤیەت سوورن لەسەر بەجێ هێنانی ئەرکی سروشتی خۆیان لە منداڵبوون وبەخێوکردنیدا

وئەرکی کۆمەڵایەتیان لەبەرهەم هێناندا. ساڵی ١٩٤٤ نیشتیمان پەروەری و ترس لەجەنگ زۆر ئاشکرا دیاربوو، دەیان ووت:"لەباربردن بەهۆی خۆ پەرستیەوە نابێ رێگەی پێ بدرێ... دەیان هەزار ژن تەندروستیی خۆیان دەشێونن ورێگە لەگەشەکردنی نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەگرن" هەروەها دەیانوت فاشیستەکان ئەو بیرو باوەڕەیان بڵاوکردۆتەوە کەبەشدار بوون لەبەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا (کارکردن)لەگەڵ دایکایەتی یەک ناگرنەوە. ئەو ژمارە زۆرەی لەبابردن بەتراژیدیا لەقەڵەم دەدرا. پێشکەووتنی زانستیی پزیشکی تایبەت بەمنداڵ و دایک بە فراوانی پەرەی سەند، هەرچەندە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نەبوو. لەهەمانکاتدا تەکنیکی نەشتەرگەری لەباربردن لە سۆڤیەت زۆر بەرەو پێش چوو بوو، وە هەمیشە جێی ستایش و سەرسوڕمانی پسپۆڕانی ئەورووپای خۆرئاوا بوو. قسە لەسەر ئەوە بوو کە قەدەغە کردنی منداڵ لەباربردن بۆ پاراستن و بەرز کردنەوەی ژیانی سۆڤیەتە. لەبابردن وەک ئیهانە بۆ ژنیەتی، دایکایەتی و تەنانەت باوکایەتیش سەیر دەکرا. قسەی ئەوەیان دەکرد کە دەورانی سیاسەتی ئابووری نوێ نیپ) لیبرالیەتی بۆرژوازی و نامەسئولیەتی زیادکردوە کەلە ئەنجامدا لەبابردن لیبرال بۆتەوە..ئەم یاسا نوێیە ژنان لەوە دەپارێزێ کە بەزۆری مێرد، خزم ولەسەروو هەموویانەوە کارفەرما منداڵەکانیان لەباربەرن. ئەم مەسەلەیە بە پاشماوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی دەژمێردرا و دەیانوت دەبێ لەناو ببرێ. هەروەها دەیانووت: "ئەم خێزانە تازە سۆسیالیستیە، هەر ئەو خێزانەیە کەئەنگڵس باسی لێدەکات وئیتر لەبابردن ژەهرێکە کە دوژمنانی خەڵک بۆ شیکردنەوەی خێزان و بەرگرتن لە پێکهێنانی خێزان بەکاری دێنن". ترۆتسکی بەدوژمنی گەل لە قەڵەم دەدرا. چونکە دەیووت دایکایەتی وکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە ناکرێن و هەروەها دژی کولنتای قسەیان دەکرد و نووسینەکانیان بەدژی خێزان و دایکایەتی دەژمارد.
بەکوردی لەبابردنی منداڵ و ئەوانەی لەخزمەتی ئەو کارەدا بوون بە دوژمنی دەوڵەتی سۆسیالیستی لە قەڵەم درابوون.

## ئەنجام:

لەهەمان کاتدا کەیاسای چاک کراوی خێزان لە ساڵی ١٩٤٤دا لەباربردنی تیادا قەدەغە کرا، یاساکانی تاوانیش تاوانی لەبابردنیان پێ زیادکرا. تا ئەو جێیە بۆیان کرا دەرمان و وەسائیلی مەنعیشیان نایاسایی کرد. یاسای نوێی خێزان بەربەستیی زیاتری لەبەردەم جیابوونەوە دانا و بەڵێنی پشتگیری و خزمەتگوزاری دەوڵەتیی زیاتریدا بەخێزانەکان ودایکان و منداڵەکانیان. (میدالیای دایکایەتی) دەدرا بە ژنێک کە٥بۆ-٦ منداڵی هەبێ، (شانازی دایکایەتی) بۆ ٧-بۆ٩ منداڵ و (دایکی پاڵەوان) بۆ ١٠ منداڵ و زیاتر. ئەمانە گشتی ڕێز گرتن وپاداشت بوون بۆ دایکان کە بۆ ژنانی شوودار و بێ شوو وەک یەک بوون. ژنانی سۆڤیەت لەسەر ئەم کارە هەر بەردەوام بوون. ساڵی ١٩٥٤ سزاکانیان لەسەری لابراو ساڵی ١٩٩٥جارێکیتر یاسایی کرایەوە.

## بەکورتی:

چەندین هۆ هەیە بۆ قەدەغە کردنەکانی ١٩٣٤. لە نزیک بوونەوەی جەنگی جیهانی دووەمدا پێویستیان بە زیادکردنی دانیشتوان هەبوو (لە ڕاستیدا سۆڤیەت لەم جەنگەدا زیاتر لە٢٠ ملیۆن کەسی لەدەستدا)، هۆیەکی تر بەتەواوی ئابوورییە. بەوەی کەوازیان هێنابوو لە لەناوچونی سیفەتی ئابووری خێزان (وەک یەکەیەکی ئابووری کۆمەڵگا) بەزیادکردن وفراوانکردنی خزمەت گوزاریە دەوڵەتیەکان، ئەو توانا و خەرجە بۆ بەپیشەسازی کردنەوە دەتوانرا سەرف بکرێ. هەروەها وتیان ئەو دسپلینەی کەبۆ پیشەسازی کردنەوەو کۆمابوونی سەرمایە پێویستە، دەبێ خێزانی بۆ توندوتۆڵ بکرێتەوە وبکرێتە پێوەرێکی کۆنترۆڵ و قەناعەتی کۆمەڵایەتی. ئەو یاسایەی خێزان کە لە١٩٢٤دا دانرابوو ئەو خێزانانەی بە ڕەسمی ناسی بوو کەبەبێ دادگا و ڕەسم ویاسا دروست دەبوون، دەورانی نیپ بووە هۆی لێک پچڕانی ئاسانتری ئەم جۆرە خێزانانە، پیشەسازی کردن وکۆما کردنی سەرمایە بووە هۆیەکی بەهێزی ئەو داپچڕانە کۆمەڵایەتیانە. هۆیەکی تر کەدەیان ووت ئەوە بوو حزب لەو دەورەیەدا پێویستی بە بەدەست هێنانی پشتگیریەکی زیاتری جووتیاران هەیە لەمەسەلەی خێزاندا بۆچوونێکی باویان هەیە، چونکە لەو دەورەیەدا داوای لەخۆبوردوویی و قوربانیی زیاتر لەخەڵک دەکرا. بەڵام لەجەوهەردا مەسەلە ئەوە بوو کە چینێکی کۆنەپەرستی تازە هاتبووە سەرحکوم وهیچ مەبەستی ئازاد کردنی ژنان نەبوو، وە لەڕاستیدا پشتی بەهەمان شێوەی خێزانی بۆرژوازی بەستبوو لە بەهێزکردنی سەرمایەداری دەوڵەتیدا.
قەدەغەکردنی لەبابردن لادانە لە تیۆری مارکسیست- لینینیست، کە یەکێ لەئامانجە گرنگەکانی بریتیە لە ڕزگار کردنی ژنان و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەزۆر زۆر گرانە بۆ ژنان کە کار بکەن و دایک بن وخزمەتیماڵیشەوە بکەن، بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری فراوانی دەوڵەتی ئەو کارانەی ماڵەوەی لەسەرشان لابردبێ. ئەم وەزعیەتە ژنان دەبەستێتەوە و ئەو مافەیان زەوت دەکات کەبە

بەزرترین تواناکانی خۆیان بگەن. بەمە ژنان لەکەسانی ئیش کەرەوە دەبنە دایک. یاسای نوێ، ژنانی لە مەترسی مردن نزیک خستەوە، بەهۆی لەبابردنی ناشارەزاو بە دەستی خۆیانەوە. ئەم یاسا نوێیە زۆر بەخراپی تەئسیری لەژنانی ناوچە دواکەوتووەکان کرد ومندالّ بوون وهەروەها لەبابردنی نایاسایی زیادی کرد لەلادێکاندا. هەروەها بۆچوون و بیروباوەڕی دواکەوتوو و کۆنەپەرست لەسەر ژنان، بەم یاسایە بەهێز بوونەوە کە تا ئێستاش لەو ناوچانە ماون. قەدەغەکردنی لەبابردن ئەوەش روون دەکاتەوە کە چۆن تیۆری مارکسیزم- لینینیزم جارێکی تر بەوورپایی (نووسرایەوە!). قسەکانی لینین لە بابەت (مالتوسیزمی نوێ)وە بە شێوەیەک داڕێژرانەوە کەلە قەوارەیەکی درۆدا جێیان بێتەوە بۆئەوەی پاکانە بۆ ناردنەوەی ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆ کونجی مالّ بکات، کاری قورس وکۆیلەیەتی ناومالّی بەکاری پڕ سوودی کۆمەلآیەتی" پێناسە کردبووەوە. ئەم پێناسەیە بەو هەموو پەلامارەی لینین بۆ سەرکۆیلەیەتی ناومالّ، بەراورد بکە. هەروەها یاسا تازەکە قسەکانی ئەنگلّسی گۆڕیوە لەسەر پەیوەندی ژن وپیاو وەک "یەک پەیوەندی کە تێیدا ئازادانە سێکس و بەیەکەوە ژیان هاوسەنگ دەکرێ " بەوەی کەگوایە ئەمە باس لە پەیوەندی بەینی ژن و پیاو دەکات وەک "باوک و دایک". "خێزانی تازەی سۆڤیەت" یان بەو خێزانە نموونەییەی باس دەکرد کە ئەنگلّس بۆ سۆسیالیزم پێشبینی کردوە بەلآم دیاری نەکردوە. بەم شێوەیە تیۆری کۆمۆنیزم لەئەرکی دەولّەت لە بەرامبەر بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منداڵاندا بێ تەئسیر کرد و بە (کۆلنتایزم) و توندڕەوی چەپ لە قەلّەمی دەدا. هەروەها پێداگرتنی سەرەتای بەلشەویکەکان لەوەی کە پەیوەندییە سێکسیەکانی خەلّک کاری حزب نیە. لە بیرچووبووەوە.

یاسا ئەساسیەکانی لەبابردن ووتبوی لەبابردن دەبێ هەبێ تاوەکوو "تەئسیرات و بۆچوونەکانی کۆن و گیروگرفتە ئابووریەکانی ئێستا لە بەین دەچن"، بەلآم یاسای نوێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەم وەزعە نایەتە دی وئەو یاسایە پلانێکی هەلّە بوو. بێ شەرمترین درۆ لەوەدا بوو کەپێیان لەسەر تەواو بەدیهاتنی سۆسیالیزم دادەگرت، تا جارێکی تر مافەکانی ژنان زەوت بکەن و شێوەی کۆمەلّگای بۆرژوازی جارێکی تر پێک بهێننەوە.

## ڕوونکردنەویەەک لەسەر (منع):

ئەلتەرناتیڤی مەنتقی لەبابردن مەنعە.ئەوە روونە کەهیچ کەسێک یاسای لەباربردنی وەک چارەیەکی درێژ ماوە نەدیوە. کەوایە بۆچی لەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی پەیگیرتر نەکۆلّرایەوە؟ چونکە لەسەرێکەوە (منع) بە شێوەیەکی ایجابی وەک بدیلی لەباربردن باس لێ دەکرا، بەلآم لەسەرێکی ترەوە بە شێویەکەی سلبی وەک هەڕەشە بۆ زیادبوونی دانیشتوان. هەڕەشە بۆ خێزان و بزوێنەری فەوزا و تێکەلّ وپێکەلّ بوونی پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان باس لێ دەکرا. ئەمە ببووە یەک ناکۆکی ئاشکرا. لەپێش سالّی ١٩١٧ دا، منع وەک بەکارهێنان تەنها چینەکانی سەرەوە کە دەستیان بەئەوروپا دەگەیشت، لێی شارەزا بوون. بەلآم بەلشەویکەکان لە بەرنامەیاندا بوو کە منع پەرە پێ بدەن و وەک بەدیلێک بۆ لەبابردن بیناسێنن. سیستەمێکی عیادە خۆڕاییەکانیان دامەزراندن و سالّی ١٩٢٥ تاقیگایەکیان دامەزراند کەیەکەم جۆر بوو لە دنیادا، باس لەوە دەکرا کەلەگەلّ ناونووس کردنی زەماوەندەکاندا، زانیاری تایبەت بە کۆنترۆلّکردنی مندالّ بوون بلآو بکرێتەوە، بەلآم ئەم کارەیان هەر نەکرد. ئاساییە بەلشەویکەکان ئەم جۆرە بەرنامەیەیان بۆ جێگرتنەوەی لەبابردنی بووە چوونکە کەس لەبابردنی وەک چارەیەکی دوور و درێژ نەدەبینی. لانی کەم لینین دەیزانی کەگواستنەوە بۆ سۆسیالیزم — کە ئەوکات ژنان لەکاری سەختی ناومالّ وکۆیلەیی ڕزگاریان بووە و مندالآن لەلایەن کۆمەلّگاوە پەروەردە دەکرێن- ماوەیەکی دوور و درێژ دەخایەنێ، لەوە دەچێ وەزعییەتەکانی نیپ ئەم پلان و بەرنامەیەی داپۆشیبێ. لە سەرەتای دەسپێکردنی بە پیشەسازیکردن و کۆما کردندا کاتێک ژنان بەتوندی وەک هێزی کار پێویست بوون، جارێکی تر پڕوپاگەندە وهەلّمەتی مەنع دەستی پێکردەوە. وەسیلەو دەرمانەکان زۆرکەم بوون، چ ئەوانەی لەبنکە وعیاەکان دەدران وچ ئەوانەش کەلە بازاڕدا بە شێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشران بەشی هیچیان نەدەکرد. بەلآم مەنع هەمیشە وەک چەکێک لەدژی لەبابردن قسەی لەسەر دەکرا، نەک وەک مافێکی ژنان هەروەها خۆیان لەقسە وباسی تایبەت بەپلانی خێزان دوور دەخستەوە. ئەو ئەنجامە نیوە چلّانەی لەمەنعدا دەسکەوت زۆر گرینگ بوون چوونکە لەئەوروپا و ئەمریکا دەوری زۆریان بینی لە پلانی خێزاندا. ڤۆن فرانک باشترین سەرچاوەیە بۆ زانیاری و حیساباتی زیاتر لەسەر (لەباربردن ومەنع) لەسۆڤیەت. ڤۆن فرانک دەلّێ: "لەو سەردەمەدا لەبابردنی نایاسایی نە تەنها هەڕەشەی لە تەندروستی ژنان دەکرد، بەلّکوو هەڕەشە بوو بۆ ئابووریش. لاواز بوون، نەخۆش کەوتن و مردنی دایک و مندالّ زیانی لەهێزی کار دەدا، کەپشتی بەژنان بەستبوو. یەکێ لە گیروگرفتەکانی دەولّەتی سۆڤیەت ئەوە بوو کەئەو پزیشکارانەی هەلّدەستان بەوکارە سەرچاوەیەکی ئابوریان دەست دەکەوت کە زۆر بەزەحمەت ئامادەی واز لێهێنانی بوون. هێرشی تازەی دەولّەت بۆ سەر نەخشەکێشانی خێزان دەستی پێکردن و کۆنترۆلّ کردنی ژمارەی مندالّ لەگەلّ تاوانی نەوە لەناوبردن Genocide، جەنگ و

کوشتندا یەکسان کرایەوە.

ڤۆن فرانک هەروەکا دەڵێ تا ساڵی ١٩٢٧ هەرچەند لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری لەمنع دەکرا بەڵام بە فراوانی بەکار نەدەهێندرا.

هەتا ئێستاش ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی سۆڤیەت لەکەمکردن وکەم دابەش کردنی ئەو وەسیلانە هەر ماوە.

مێژووی سۆڤیەت نیشانی دەدات کە ژمارەیەکی فراوان لە ژنان یان بەپێی یاسا یان بە دزیەوە منداڵیان لەبار بردووە. دەوڵەت دوو ئەرکی کۆمەڵایەتی لەژنان داوا دەکرد: وەک کرێکارێک کەرۆژانە بەتەواوی کار دەکات هەروەها وەک دایکێک کە کرێکارانی دوارۆژ بەرهەم دێنێ. بەلشەویکەکان لەسەرەتادا لەوە تێ گەیشتن کەئەمە تەنها کاتێک ئیمکانی هەیە کەبە هۆی خزمەت گوزاری فراوانەوە ژنان لەئیشی تاقەت پڕوکێنی ناوماڵ ڕزگاریان ببێت ودەوڵەت زۆربەی هەرە زۆری ئەرکەکانی ئاگادار بوون وپەروەردەی منداڵ بخاتە سەرشانی خۆی. ئەم ئەرکانە جێبەجێ نەکران بەمەش لەباربردنی منداڵ بە بەردەوامی وەک کێشەیەکی مەرکەزی گرینگ لە مێژووی ژنانی سۆڤیەتدا مایەوە..

**تـــــــــەواو**